# ئارەزووی سێکسی لە تەرازوی ئیسلامدا

ئامادە کردنی
یاسین ئەحمەد زەنگەنە

ئازاری - ٢٠٠٨ - رەبیعی یەکەم ١٤٢٩

بسم الله الرحمن الرحيم

دەستپێك :

ئـەمڕۆ دونیـا لـە سـایەی جیهـان گـەرایی و بـالآ دەسـتی رۆژئـاوا لـە زۆربـەی بـوارە مادییـەکانی ژیانـدا ، پێشکەوتنی بێ وێنەی لە بواری زانستی و تەکنە لـۆژی بـەخۆوە بینیـوە، بـە تایبـەتی لـە بـواری پەیوەنـدی و گەیاندن ، بونی هەزاران کەناڵی ئاسمانی و تۆڕی ئینتەرنێتی جۆرا و جۆر و پەیامدار شـاهید حـاڵی وتەکانمانـە، ئەمەو هەر کەناڵەیان بە شێوەیەك لە شێوەکان گاریگەرێتی خۆیان هەیە لەسەر بـیرو بـاوەڕ و رەوشـت و داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردەواری ، لە کەناڵەکاندا بەرنامەو فلیم و ئەڵقەو کلیپی وا دەخرێنە رو کە دژو پێچەوانەیە بە ئاین و بیروباوەڕو بەهاو رەوشتە کۆمەڵآیەتیە رەسـەنەکان ، کاریگـەری نەرێنـەیی دروسـت دەکـەن لـە سـەر ئاستی تاك و کۆمـەڵ . دیـارە ئامـانجیش لـەم کەناڵآنـە بەدەسـت هێنـانی سـودو قـازانجی مادییـە ، سـەرەڕای رەواجدان بە بەرهەم و کەلوپەل ونمایش و کالآکان ، پەیامیشیان کارکردنە سەر بەشـێکی زۆری کۆمەڵگایـە بـە تایبەتی تازە پێگەیشتوان و لاوان ، دەیانەوێ خەڵکی بە ئاراستەیەکدا بەرن ، _ کە پێشتر پلانی بۆ داڕێـژراوە _ ناسنامەیان بشێوێنن و رایان ماڵن بەرەو نشێوی بێ ئابڕویی و نغرۆ بون لە نێو حەزو خولیـا سێکسـییەکاندا . ئەم بەرنامانە بەردەوام بە شێوازی جیاجیا دوبارە دەکرێنەوە ، هیچ سودو قازانجێکیان نییە بۆ ژیانی خەڵکی جگە لە رۆچون نەبێت لە نێو زەلکاوی خراپە کاری و بێ ئـابڕویی و لاواز بـون و سـڕینەوەی ئینتیمـای ئـاینی و نیشتیمانی و بەرگری کردن لە مافە رەواکانی گەل ، سەرەڕای نزم بونەوەی ئاستی زانیاری و زانسـتی قوتابیـان لە ناوەندەکانی خوێندندا و چەندین قەیران و گرفتی کۆمەڵآیەتی و دەرونی و ئابوری و .... هتد.

سەیر لەوەدایە ئەمانە هەموی لـە ژێـر لافیتـەی گۆڕانکـاری و چاکسـازی و کرانـەوەو نـوێ بونـەوەو شـکانی کۆسپ و لەمپەرەکانی سەرەڕێ و یەکسانی نێوان رەگەزەکان و ئـازادی تاکـە کەسـیدا پـەیڕەو دەکرێـت . ئـەم کەناڵآنانە بە شێوازێکی زۆر هونەری و لێزانانە ژەهر تێکەڵ بە هەنگوین دەکەن و دەرخواردی بینەرانی دەدەن، دەرئەنجامیش کێشەی خێزانی و کۆمەڵآیەتی و ئابوری و دەرونـی و ... هتـد لێ دەکەوێتـەوە ، ریـژەی تـاوان و لادان زیاد دەکات ، روپەڕی رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵە نێوخۆییەکان و ئاماری دادگاکان شاهیدی قسەکانمانن .

لە روانگەی ئەم راستیانەوە پێویستە بە گیانی دڵسۆزی و هەست کردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بـە خـوا و بـە گـەل و کوردوسـتانەکەمان هـەنگاو بنـێین و بەرچـاو رون بـین بەرامبـەر ئـەو شـەپۆل و پـەلامارە سێکسـیە وروژێنەرە بێ ئەندازەیەی زۆرێك لە جیهانی گرتۆتەوە، میـدیاکانیش لـەم سـەردەمەدا رۆڵـی کـارا دەبیـنن لـەم مەیدانەدا و لای خۆشمان جێ پەنجەو سەرەتایەك بە دەرکەوتوە ، ئەمەش لە ئەنجامی کۆمـەڵێك فاکتـەری نێـو خۆیی و دەرەکی و هەل و مەرجی خودی و بابەتی .

وەك دەرەنجامێکیش دەبینین رۆژانە لە میدیاو رۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا هـەواڵی نـاخۆش و دڵتـەزێن بەرچـاو دەکەون سەبارەت بە چەندین پرسی کۆمەڵآیـەتی و تێکچـونی شـیرازەی تـاك و کۆمـەڵ و کوشـتنی ئافرەتـان و منـداڵآن و .... هتـد . ئـەم روداوانـەش وە نـەبێت هـەروا لـە خۆیـەوە هاتبێتـە ئـاراوە ، بـەڵکو رەنگدانـەوەی

سروشتی هەڵەو لادانە لە پەیام و شەریعەتی خواو، شوێن کەوتنی کوێرانەی ئەزمونی تاڵ و ناسۆری رۆژئاوایە لە بواری کۆمەلأیەتی و یەکەی خێزاندا .

هەندێك لە گۆڤارو رۆژنامەو کەناڵە نێوخۆییەکان لە ژێر لافیتەی ئازادی و مافی ئافرەتان و دروشمی تری لەو بابەتە ، رۆڵێکی نەرێنی دەبینن ، بەهەمان تەرزی رۆژئاوا خەریکی نمایش کردنی وێنەی ئافرەتانن بە نیوە روتی و بەبێ بنەمایەکی زانستی و رەچاو کردنی رەوشت و دابونەریتی کۆمەلأیەتی و بە دیهێنانی بەرژەوەندی گشتی ، وتارو بابەت سەبارەت بە سێکس و بەناو خۆشەویستی بلأو دەکەنەوە ، لە زیان بەولاوە هیچی تری لێ نادورێتەوە ، کۆمەڵگای کوردەواریش بە هەمان هەڵەو رێچکەی شێواوی رۆژئاوادا دەبەن و بیر لە ئایندەی کارەکانیان ناکەنەوە .

بونی حەزو ئارەزوی سێکسی و هەموو غەریزەکانی تر لە مرۆڤدا بارێکی خوا کردەو بێ پەیام و بێ حیکمەت نییە و پێداویستیەکەو ژیان بێ وی مەحاڵە .

هەر بۆیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە میانەی دەقەکانی شەریعەتەوە بە شێوەیەکی میانەیی حەزو ئارەزووە سێکسی و سەرجەم غەریزەکانی تری رێك خستوە ، بە شێوەیەك نە زێدە رۆیی تێدا بە خەرج بدرێت و نە بە زایەدان .

ماوەتەوە بڵێین پرسی سێکسی لەم سەردەمەدا رۆچونی بێ ئەندازەی پێوە دیارەو هەموو ئاین و یاساو رەوشت و دابو نەریتێکی جوانی بە زاندووەو وەك کالأیەکی هەرزان سەوداو مامەڵەی پێوە دەکرێت و ژیانی کۆمەلأیەتی و یەکەی خێزانی لە سایەیدا لەرزۆك بووەو هەڕەشەو مەترسییەکی گەورەیە لەسەر مرۆڤایەتی .

لە دەلاقەی راستییەکانی سەرەوە بە پێویستمان زانی ئەم بابەتە هەستیارو هەنوکەییە لە میانەی چەند بە شێکدا بەکورتی بخەینە رو بە ئومێدی سود وەرگرتن و بە خۆداچونەوە و گەڕانەوە بۆ سەر شاڕێی راستەقینەی ئیسلام .

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لا اله الا انت

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

ئازاری ٢٠٠٨ / هەولێر

## بەشی یەکەم / ڕێخۆش کردنێکی پێویست :

مرۆڤ هەر لە سەرەتای لە دایك بونیەوە کۆمەڵێك پاڵنەرو خۆماکی _ غریزة_ فیتری لە گەڵ دایە و کاریگەرێتییان لە سەر رەوتی ژیان و چالاکیەکانی هەیە .

خۆماك _ غریزة_ هێزێکی شاراوەیە لە زیندەوەردا و هانی دەدات بۆ ئەنجام دانی هەڵسوکەوت و رەفتاری جۆرا و جۆر، دەکرێت بڵێین خۆماك بزوێنەری سەرەکییە بۆ زۆرێك لە رەفتارەکان . بە واتایەکی تر بریتییە لەو هێزە چەسپاوەی نێو ناخ و دەرون بە ئەندازەیك ناکرێت باس لە بونی مرۆڤ بکەین ، بەبێ بونی خۆماك .

لەراستیدا هەر خۆماکێك لەم خۆماکانە رەنگ دانەوەی پێداویستییەکی دیاری کراوە لە پێداویستیەکانی مرۆڤ و رۆڵی کارا و پۆزەتیڤانە دەبینێت لە ژیانی مرۆڤدا گەر بەچاکی ئاراستە بکرێت .

خوای گەورەو کاربەجێ هیچ غەریزەیەك یان ئەندامێکی لاشەی مرۆڤی دروست نەکردووە بە بێ هودەو ئامانج . ئەو لادان و شێواوییەی ئەمرۆ دەیبینین لای زۆرێك لە مرۆڤەکان ئەنجامی بونی غەریزەکان نییە ، بەڵکو دەرەنجامی ئەو ویست و ئیرادەو کاڵفامی و ژیرییە بێ ئەرزشەیە ، کە رەوت و ئاراستەی غەریزەکان دیاری دەکات ، مرۆڤ لە بارودۆخێکی دیاری کراو و لە سایەی پەروەردەو کەشو هەوایەکی خراپ و بیرو باوەرێکی هەڵەو بارو دۆخێکی نائاسایی ژیری و زیرەکی خۆی مل کەچ دەکات بۆ تێرکردنی غەریزەکان بە شێوەیەکی خراپ و ناڕەوا . ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی خۆیو ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دروست دەکات .

غەریزەکانی مرۆڤ ناکرێت ببێتە مایەی لادان و گومڕایی و تێك چونی شیرازەی کومەڵایەتی ، مەگەر کاتێك ئیرادە لاواز بێت و ویژدان پەکی بکەوێت و ژیریش شکست بێنێت لە کۆنترۆڵ کردن و دەست بە سەرا گرتنی هەڵسوکەوت و رەفتارەکان . ١- **الغرائز ودورها في الحياة مقالة منشورة في الانترنيت** .

یەك لەو غەریزانەی کە کاریگەرێتی زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا غەریزەی سێکسیە ، چونکە پەیوەندییەکی توند هەیە لە نێوان سێکس و ژیاندا ، ئارەزووی سێکسی فاکتەری مانەوەی ژیانە ، هەر لە میانەی ئەم غەریزەیەوە ژیان لە سەر ئەستێرەی زەویدا بەرجەستە بووە و زەوی ئاوەدان کراوەتەوە .

ئەمەو زیندەوەران پێویستییان بە پەیوەندی سێکسی هەیە ، بە مەبەستی مانەوەو نوێ بوونەوەو بەردەوام بوونی ژیان ، ناکرێت بیر لە ژیان و مانەوەی زیندەوەران بکەین لە سەر گۆی زەویدا بە بێ بوونی پەیوەندی سێکسی لە نێوان رەگەزی نێر و مێی هەر زیندەوەرێك . هەر بۆیە خوای کاربەجێ هەموو شتەکانی بە جووت دروست کردووە ، نێر و مێ حەزو مەیل و ئارەزوی سێکسی تێدا دروست کردوون ، تا بەیەك بگەن و بە هرەمەند بن لە حەزو خۆشییەکانی ژیان و نەوەی نوێ بێتە دی و کاروانی ژیان بەردەوام بێت ، تا ئەو کاتەی خوای گەورە کۆتایی بەم سەر زەوییە دەهێنێت بە هەموو پێکهاتەو زیندەوەرەکانی سەریەوە . مەبەست و پەیام لە ئەنجامدانی پەیوەندی سێکسی لە نێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێدا _ مرۆڤ ، ئاژەڵ ، رووەك _ بەرهەمهێنانی رەگەزو وەچەو پاراستنی بونیەتی و بوونە ، لە فەوتان و لە ناوچوون . بە بێ ئەم پەیوەندی و

جووت بونه هیچ شوێنەوارێکی ئەم زیندەوەرە پێویستانە نەدەمان لە سەر زەوی بۆ بەردەوام بوونی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی . ١- **الوظيفة الجنسية واضطراباتها د . ابراهيم الادغم** . لاپەڕە ٢١ _ ٢٢ .

ئەمەو لە زانستی دەرون ناسی پاڵنەری سێکسی بە یەکێك لە پاڵنەرە بەهێزەکانی مرۆڤ دێتە ئەژماردن ، کاریگەرێتی گەورەی هەیە لە سەر رەفتارو تەندروستی و باری دەرونی مرۆڤ ، هەروەها ئەوەی رون کردۆتەوە کە پاڵنەری سێکسی لە پێویستییەکانی مرۆڤەو مایەی زامنکردنی مانەوەی جۆری مرۆڤە ، فیترەت و سروشتێکی مرۆییە لای هەردوو رەگەز ، خوای گەورەش هەموو دەروازە ناڕەواکانی بەردەم تێرکردنی سێکسی داخستوە تەنها دەروازەیەکی کردۆتەوە ئەویش پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی ودروستکردنی یەکەی خێزانە .
١- قواعد تكوين لاپەڕە ١٢٣ .

دەبێت ئەو راستیە لە بەرچاو بگیرێت کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتگیر دەڕوانێتە مرۆڤ ، وەك لاشەو عەقڵ و ژیریی وگیان پێکەوە. لە میانەی پێکهاتە فیترییەکەیەوە تەماشای مرۆڤ دەکات ، بە تێڕوانینێکی هاوسەنگانە لە نێوان داخوازییەکانی لاشەو گیاندا ، بەدەم خواست و پێداویستیەکانی مرۆڤەوە دەچێت هەر لە خواردن و خواردنەوەو جلو بەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوون و هەموو غەریزەکانی تر ، لە هەمان کاتدا بە هەمان تەرز بڕوای بە بوونیەتی روحی و گیانی مرۆڤە، پێداویستیە گیانییەکانی مرۆڤ هەر لە بیروباوەڕو خوا پەرستی و رەوشت بەرزی و کردەوەی چاك بە شێکن لە پێکهاتەی مرۆڤ .

بۆیە ئیسلام هاوسەنگی داناوە لە نێوان لاشەو گیاندا ، هەر تێکچونێکی ئەو هاوسەنگییە گرفت و ترس و دڵەڕاوکێ و خراپەی لێ فەراهەم دێت . لە میانەی ئەم وێناوە بۆ سروشتی مرۆڤ _ نێرو مێ _ و پێداویستیە فیترییەکانی بۆ بە دیهێنانی هاوسەنگی بۆ تێرکردنی پێداویستیە دەرونی و هەستیەکان .

ئیسلام وای دادەنێت کە غەریزەی سێکسی یەکێکە لەو وزەو توانا فیترییانەی کەلە پێکهاتەی مرۆڤدایە ، پێویستە بەتاڵ بکرێتەوەو سودی لێوەربگیرێت لە چوارچێوەی رۆڵی دیاری کراوی خۆیدا ، فیترەتی مرۆڤ وایە دەرچوونی ئەو وزەیە چێژی خۆی هەیە ، بەلام ئەو دەرچوونە خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە . بەڵکو هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵە ئامانجێك لەو ئامانجانەی کە پێویستە بێتە دی لە میانەی خاڵی کردنەوەی وزەی سێکسی لە ژیانی مرۆڤدا لێرەدا ئاماژە بەگرنگترین ئەو خالانە دەدەین بەکورتی :

١- پەیوەندی خۆشەویستی و رێزو حورمەت لە نێوان ژن و مێردا ، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی ( **ومن اياته ان خلق لكم من انفسكم ازواجا لتسكنوا اليها وجعل بينكم مودة ورحمة ان في ذلك لايات لقوم يتفكرون) الروم ٢١.**

بەواتای : یەکێك لە نیشانەو بەڵگەکانی تری ئەوەیە : کەهەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایداو، لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهەم هێناوە . بەراستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیردەکەنەو تێ دەفکرن .

٢- پێكهێنانی خێزان : خێزان سەرچاوەی حەسانەوەو ئارامی لاشەو دەرونە ، ئەو ناوەندەیە مرۆڤایەتی پیاو بە مرۆڤایەتی ژن بەیەك دەگەیەنێت . كارگەی نەوەكانی ئایندەیە ، سەرچاوەی بەرپرسیاریەتی و پەروەردەكردن و چاودێری كردنی نەوەكانە .

٣- زۆربونی نەوەكانی مرۆڤ و بەردەوام بوونی جۆر و ئاوەدانكردنەوەی سەر زەوییە .

٤- بەدیهێنانی پاكیزەیی هەست و لاشەو دەرونی مرۆڤەكانە بە خاڵی كردنەوەی بارگە سێكسیەكان .

ئەمەو دەبێت ئەو راستیە بزانین سێكس ئەو ساتە وەختەیە ، كە دەكرێت شەیتان لە میانەیەوە مرۆڤ فریو بدات و ژیانی تێك بدات و پەیامی راستەقینەی لە ژیاندا پەكبخات . ١- **تدريس الثقافة الجنسية _ مقالة منشورة في الانترنيت** .

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی ( **والله يريد ان يتوب عليكم و يريد الذين يتبعون الشهوات ان تميلوا ميلا عظيما . يريد الله ان يخفف عنكم و خلق الانسان ضعيفا** ) **النساء ٢٧_ ٢٩** .

بە واتای : بێگومان خوا دەیەوێت تەوبەو پەشیمانیتان لێوەربگرێت و لە هەڵەكانتان خۆش بێت ، بەلاَم ئەوانەی شوێن ئارەزووات و هەوەس بازی كەوتون ، دەیانەوێت ئێوە لابدەن بە لادانێكی گەورە .خوا دەیەوێت ( بەم بەرنامەو رێبازانە) بارتان سوك بكات و كارئاسانیتان بۆ بكات چونكە ئادەمیزاد بە لاوازی دروست كراوە . (لە بەرامبەر ئارەزووەكانیەوە خۆ راگر نییە ) .

## بەشی دووەم / پەیوەندییە سێكسیەكان لە سایەی جیهان بینی رۆژئاوادا :

جیهانی ئەمڕۆ بەگشتی و رۆژئاوا بە تایبەتی لە نێو شۆرشێكی سێكسی سەر كەشدا دەژیت ، كە هەموو سنورو رێسا و نەریتێكی بەزاندووە بە ئەندازەیەك ئەمرۆ سێكس وەك یە كێك لەو كێشە سەرەكی و كاریگەرو مەترسیانەی لەسەر قەوارەی مرۆڤایەتی دەخرێتە روو .

ئەوەتا ( جیمس رستۆن ) James Restone لە گۆڤاری New York times نوسیویەتی و دەڵێت مەترسی وزەی سێكسی لە ئایندەدا زیاترە لە مەترسی وزەی ئەتۆم .

جۆرج بالوشی ئورفت لە كتێبی ( شۆرشی سێكسی ) دا باس لە وە دەكات ، دوای ئەوەی مێشكمان پڕ بوو لە مەترسی ئەتۆمی و بوونی ( توخمی سترو نسیوم - ٩٠ - تیشكاوەر ) لە ئێسكی خۆمان و منداڵەكانماندا ، بەلاَم شەپۆل و شالاَوەكانی سێكسی كە بەردەوامەو نابڕێتەوە ، خەڵكی زۆر خەریك و سەقاڵ كردووە ، هەموو سنورەكانی بەزاندوە ، رۆژانە چەندین تەن لە موشەكی سێكسی دەتەقێنەوە ، كاریگەری خراپ و دوو دڵی لێ دەكەوێتەوە ، منداڵەكانمان دەبنە دڕەندەو كۆمەڵگاش دەشێوێت .

مێژوو نوس ( Arnold Toynbee ) سەرنجی خەڵك رادەكێشێت بۆ ئەو راستییە مێژوییەی كە بالاَ دەستی سێكسی دەكرێت ببێتە مایەی تێك چون و لە ناوبردنی شارستانیەكان . ئەمڕۆ لە ئەمریكاو ئەوروپا و زۆرێك لە ولاَتانی تر بارێكی نائاسایی دەگوزەرێت ، دەكرێت بڵێین هەڵچون و شێتییەكی سێكسی توند و گەرم

له ئارادایه ، هەر لـه میانـەی خسـتنه روی جـل و بـەرگ و کتێـب و گۆڤـارو رۆژنامـه و فلـیم و بـواره ئـەدەبی و هونەریەکانەوه تا دەگاته واقیعـی حـاڵی خەڵکەکـه ، بـه ئەندازەیـەك سـێکس بۆتـه مایـەی سـەرقاڵی زۆرینـەی خەڵکەکەو رۆچونێکی بێ ئەندازەی تێدا دەکرێ و بۆتـه چـڵە پۆپـەی حـەزو خولیـاو هیـواو ئاواتـەکان . ئەمـەو سێکس بریتی نییه لـه پەیوەندییـەکی هەسـت و سـۆزی نێـوان دوو هاوسـەر ، یـان دو کـەس کـه گرێبەسـتێکی شەرعی و یاسایی له نێوانیاندا هەبێت ، بەڵکو زۆر لەوەی تێ پەڕاندوه و سنورەکانی بەزاندوه .

ئاستەمه ئەمرۆ به شارێکی گەورەدا تێ پەڕی ، بێ ئەوەی توشی بۆردومانی سێکسـی نـەبیت ، ریکلامـەکان به هەموو شێوەو قەبارەیەك ، به هەزاران ژن و کچ جل و بەرگێك دەپۆشن مایەی وروژاندن و بزواندنـه ، کـاری نێربازی و ئافرەت لەگەڵ ئافرەت و کاری سێکسی به کۆمەڵ و هاوسەری ئەزمونی و خۆشەویستی و هاوڕێیـەتی پێش هاوسەرێتی ، یانەی روتەکان و یانەی له رەوشت لادەرەکان . ئەمەو فلیمی سێکسی و وێنـەی روتـی نێـو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و ...... هتد . بۆته دیاردەیەکی دیاری کۆمەڵگای مرۆڤایـەتی لـه زۆرێـك لـه ناوچـەکانی جیهان . ١- **الجنس ولعلاقات الجنسية في ضوء الشريعة الاسلامية _ مقالة منشورة في الانترنيت** .

بێ گومان ئەم شۆرشه سێکسییه گەرم و ورو ژێنەره سـەرەتاکەی بـۆ سـەدان و بگـره هـەزاران سـاڵ پـێش ئێستا دەگەڕێتەوەو هەروا له خۆیەوه و بێ پێشینه نەهاتۆته ئاراوه بەڵکو دەرەنجامی جۆره به هاو بارودۆخ و دیدو بۆچون و ڕەوشت و ئاکارێکه . لێرەدا پرسیارێك دێته ئاراوه ئایا بۆچی گرو تینی سێکسی له رۆژئاوادا بەو ئەندازەیه هـەموو سـنورەکانی بەزانـدووه ؟ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیاره بـه تـەواوی بابـەتێکی سـەربەخۆیەو لێرەدا تەنها ئاماژەیەکی کورتی پێ دەدەین . ئەو سەرچـاوەیەی شارسـتانییەتی رۆژئـاوا پشـتی پـێ بەسـتوەو بەسەرەتاو لانکی شارستانی خۆی دەزانێت بریتین له :

١- شارستانی رۆمانی و ئەغریقی بت پەرستی .

٢- دام و دەزگای گاورێتی شێوێنراو .

گەر ئەم دوو سەرچاوەیه به وردی لێك بدەینەوه که شارستانی رۆژئاوایان له سەر بنیات نراوه ، بۆمـان دەردەکەوێت تا چەند کاریگەرێتی له سەر داڕشتنی عەقڵی رۆژئاوادا هەیەو کردویەتی به عەقڵێکی مادی شەهوانی . ئەمەش به درێژای مێژووی کۆن و نوێ بۆته هۆی لادان و تێکچونی بنەما رەوشتییەکان ، تـا گەیشتنه ئەم ئاستەی که گرو تینی ئـارەزووه سێکسـییەکان هـەموو سـنورەکانی بەزانـدووەو خـۆی لـه چەندین شێوازی خراپدا دەبینێتەوه وەك :

١- بڵاوبونەوەی داوێن پیسی و لەشفرۆشی به شێوەیەکی رەهاو سەرسوڕهێنەر .

٢- بڵاوبونەوەی نێربازی و سوحاق و به یاسایی کردنیان .

٣- ئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەڵ گیانلەبەراندا .

٤- زۆربونی رێژەی منداڵی بیژی و زۆڵ.

٥- زۆربونی رێژەی سکپڕی له نێو کچانی تازه پێگەیشتودا .

٦- بڵاوبونەوەی کاری سێکسی به کۆمەڵ و گۆڕینەوەی ژنان .

٧- بلاوبونەوەی نەخۆشی سێکسی و دەرونی ، ئایدز وەك نمونە .

٨- هەرەس هێنانی دام و دەزگای خێزان . ١- قواعد تكوين البيت المسلم . لاپەڕە ٨٠٦ .

ئەمە لە لایەك و لەلایەکی ترەوە ئاین لە هەردوو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و ئەغریقی دا بریتی بوون لە بت پەرستی ، لە سیمای ئەو بت پەرستییەدا ، پەرستنی خوای مێینە بوو، هەروەها بەپیرۆز زانینی ئەندامی نێرینە بوو . رۆژئاوا بە پێی زنجیرەی مێژوویی ئەو شارستانیەتەی لە دورگەی کریتی یۆنانی هەبووە پێش ٤٠٠٠ چوار هەزار سال پێش زایین ، بە بنچینەی شارستانێتی خۆیانی دەزانن و گەورەترین خواوەندی ئەو کاتەیان بە ناوی ( ام الارض ) دایکی زەوییەوە بووە . ئەمەو سەرەڕای زۆری بت و خوداکان لای ئەغریقیەکان ، خوای ( ئیروس ) کە خوای شەهوەت بووە ریزو شکۆیی زۆری هەبووە لای ئەغریقیەکان . دوای ئەوەی گاورێتی بووە ئاینی ئەورووپیەکان سازشی زۆریان کردلەگەڵ دروشم و سروتە ئاینیە رۆمانی و ئەغریقیەکان . بۆ نمونە لە گرنگترین ئەو جەژنانەی کە پاپا ( جوريجوری المبير ) کە بە مژدەدەرەکانی وتوە وازی لێمەهێنن بریتی یە لە جەژنی ( الە الخصب ) کە رەمز بووە بۆ ئەندامی زاوزێی نێرینە . ١- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨٠٨ .

ئەمە وەك مێژوو ، قۆناغە نوێکانیش هەر لەسەر هەمان رەوت بەلام بە شێوازو فۆرمی جودا هەنگاویان ناوە ئەوەتا لە پرۆتۆکۆلاتی ( حكماء صهيون ) دا هاتوە ( يجيب ان نعمل لتنهار الاخلاق ، في كل مكان تستهل سيطرتنا ... ان فرويد منا وسيظل يعرض العلاقات الجنسية في ضوء الشمس لكي لا يبقى في نظر الشباب شيء مقدس ، ويصبح همه الاكبر هو ارواء غرائزه الجنسية و عند ئذ تنهار اخلا قه ) .

بەواتای پێویستە کار بکەین بۆ روخانی ڕەوشت لە هەموو شوێنێکدا تا بالا دەستیمان سانا و ئاسان بێت ... فرۆید لە ئێمەیە و بەردەوام پە یوەندییە سێکسییەکان لە بەر روناکی هەتاودا نمایش دەکات . تا لە دیدو بۆچونی لاواندا شتێکی پیرۆز نەمێنێت ، گەورەترین پەژارەی تێر کردنی غەریزە سێکسییەکانی بێت بەم شێوەیە رەوشت هەرەس دێنێت . ١- **الجنس والعلاقات الجنسية** لاپەڕە ١ .

هەروەها فرۆیدیش دەڵێت ( ان الانسان لا يحقق ذاته بغيرالاشباع الجنسي ... وكل قيد من دين واخلاق او مجتمع او تقاليد هو قيد باطل او مدمر لطاقة الانسان وهو كبت غير مشروع ) .

بە واتای مرۆڤ ناتوانێت خۆی ببینێتەوە بە بێ تێرکردنی سێکسی ، هەر لەمپەرو کۆتێکی ئایینی یان رەوشت یان کۆمەڵگا یان دابو نەریت کۆتێکی ناڕەوایەو روخێنەری وزەکانی مرۆڤە و کپ کردنێکی ناڕەوایە .

هەروەها فەیلەسوفی ئینگلیزی ( جون ستيوارت ) لە میانەی بەناو ئازادی تاکە کەسیدا بانگەشە بۆ هەموو ئەو شتانە دەکات کە مایەی چێژو حەزو ئارەزووە بۆ تاکەکان وەك خواردنەوەی عەرەق و مادە بێهۆشکەرەکان وئەنجامدانی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هاوڕەگەزدا ، لە باربردنی کۆرپەلەو خۆکوشتن و ... هتد .

( الفريد كينسی ) دەڵێت : گەر بڕوانینە مێژووی رۆشنبیری مرۆڤایەتی دەبینین رۆشنبیری ئەورووپی و ئەمریکی زیاتر لەوانی تر پەیوەندی سێکسییان لە گەڵ هاوڕەگەزدا لا پەسەند بووە ، ئەمەو کینسی کە خاوەنی گەورەترین توێژینەوەیە لە بواری رەفتاری سێکیی لای ئەمەریکیەکان ئەوەی سەلماندوە کە لە ٦٠٪ ی

منـدالآنی ئـەمریکی پـێش بـاڵغ بونیـان نێربازیـان کـردوە . ئەمـەو لـە ئـەمریکاو بـەریتانیاو زۆرێـك لـە وڵاتـە ئەوروپیەکان کاری نێربازی و پەیوەندی سێکسی لە گەڵ هاوڕەگەزدا بە یاسا رێکخراوەو شانازی پێوەدەکەن و بـە مایـەی پێشـکەوتن و ئـازادی لـە قەڵـەم دەدەن ، بەواتایـەکی تـر ئـارەزوو بـازی لـە رۆژئـاوادا رازاوەتـەوە بەبەرگێکی هزری و فەلسەفی و رێبازی یاسایی و بنەمای زانستی .

هـەروەها ( ئیـنگڵس ) فەیلەسـوفی دیـاری بـیری کۆمۆنسـتی یەکـەی خێـزان وەك سـیتەمێکی کۆمەڵایـەتی بەتەواوی رەت دەکاتەوەو بانگەشە بۆ پەیوەندی سێکسی رەها دەکات لە نێوان هەردوو رەگەزدا هەروەها ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی کاری زیناوە لـە دایك دەبـن پێویسـتە بـدرێن بـە دەوڵـەت تـا پـەروەردەیان بکـات ببنـە سوپایەکی پرۆلیتاری بۆ خزمەتی دەوڵەت .

لە ساڵی ١٩٤٤ کاتێك ژمارەی ئافرەتان بە رێژەی ٢٠ ملیـۆن زیـاتر بـوون لـە پیـاوان لـە یـەکێتی سـۆڤیەتی جاراندا ستالین بڕیارێکی دەرکرد بـەناوی بڕیـاری ١٩٤٤ کـە هـانی منـداڵبونی نـاڕەوای دەدا و ئـەو ئافرەتانـەی منداڵی زۆڵیان دەبوو پێیان دەووت ( الام البطلة ) دایکی پاڵەوان ، هەموو مافێکی دایکایەتیان بۆ دابـین دەکـرا ، هەروەها بوار نەدرا بەو ئافرەتانەی منداڵی زۆڵیـان بـووە لـە دادگـادا بیسـەلمێنن کـە منداڵەکـەیان لـە پیـاوێکی دیـاری کـراوە ، دوای تێپـەڕبونی ٥ سـاڵ لـەم بڕیـارە شـەیتانیە ژمـارەی منداڵـە بێـژی و زۆڵـەکان لـە یـەکێتی سۆڤیەتی ئەو کاتەدا گەیشتە هەژدە ملیۆن منداڵ . ١– **قواعد تكوين البيت المسلم** ٨١٥ – ٨١٧ .

وەك پێشتر وتمان گڕو تینـی سێکسـی هـەموو بنـەماو پێوەرەکـانی مرۆڤایـەتی بەزانـدووە تـا ئـەو ئاسـتەی بەکارهێنانی ئاژەڵ و گیانلەبەران بۆ کاری سێکسی بۆتە دیاردەیەکی ناسراوی کۆمـەڵگای رۆژئـاوا ، لـە میانـەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و فلیمی ڤیدیۆیی و ... هتد . بە دەرکەوتوە کە چۆن سـەگ و مـەیمون و گـاو گوێرەکـە و ئەسپ و .. هتد . رادەهێنن و فێری دەکەن بۆ ئەنجام دانی کاری سێکسی لە لایەن هەردوو رەگەزی نێرو مێـوە ، بۆ ئەم مەبەستە بازاڕی دیاری کراوی ئەو جۆرە ئاژەڵە راهێنراوانە هەیە .

هەروەها دیاردەی زیناو داوێن پیسی لەگەڵ ( محارم ) دا بۆتە دیاردەیەکی بڵاو هەروەك ( وستەر مارك ) لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا وتویەتی ئاساییە بۆ باوکە فەرەنسیەکان کـە حـەز لـە کچـەکانیان بکـەن چـونکە سروشتی فەرەنسی بیرۆکەی جووت بوونی سێکسی لە نێوان کەسانێکدا کە پەیوەنـدی کەسـێتی و خـوێن هەیـە لە نێوانیاندا بەخراپ و نەشیاو نازانێت ، هەروەها بەپێی توێژینەوەی (کنسی ) سەبارەت بە رەفتـاری سێکسـی لای ئەمەریکیەکان رێژەیەکی گەورە لە نێـرو مـێ کـاری زینایـان کـردووە لـە گـەڵ ( محـارم ) مەحرەمەکانیانـدا بەتایبەت لە قۆناغی هەرزەکاریدا .

بۆیە دەبینین رۆژئاوا بە تەواوی جڵەوی شۆڕ کردووە بۆ ئارەزوو بازی و پێشڕەوو پێشەنگی هەموو دیـاردەو رەفتارێکی سێکسی نەشیاو قێزەونن لە رابردوو و ئێستادا .١– سەرچاوەی پێشوو ٨١٧– ٨١٨ .

لە ئەنجامی ئەم جۆرە بیرکردنەوەدا شیرازەی تاك و کۆمەڵگا شێواو ، یەکەی خێزان بە مانا باوەکەی بەرەو هەڵدێرو هەڵوەشانەوە چوو، بەرەڵایی و بێ ئابڕویی و چەندین قەیران و گێروگرفتی کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتی و ... هتد . لێکەوتۆتەوە ، ئیغتیصاب بە شێوەیەك بڵاوبۆتـەوە کـە مایـەی مەترسـی و دڵـە راوکێیـە، هـەروەها

دیاردەی منداڵانی لە دایك بوی ناشەرعی ، لـە هەنـدێك لـە وڵاتـانی رۆژئـاوا لـە بـاربردنی کۆرپەلـە وەك مـافێکی ئافرەت دادەنراو بێ ئەوەی باسی مافی کۆرپەلە بکەن کە مافی ژیانی هەیە ، بـەڵکو مرۆڤێکـەو هـەموو مـافێکی هەیە لە ژیاندا ، زۆرێك لە ئافرەتان حەز ناکەن و نایانەوێت منداڵیان ببێت و بە خێوی بکەن ، زۆرێك لـە پیـاوان وازیانی هێناوە لە بەرپرسیارێتی سەر شانیان بەرامبـەر بـە منداڵـەکانیان ، حـەزو پـەژارەی زۆرێـك لـە لاوان بـە هەردوو رەگەزەوە تەنها تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانە ، بە شێوەیەك کە رۆچون و شێتێتی پێـوە دیـارەو لە ژێر ناوی ئازادی کەسێتیدا .

ئازادی سێکسی لە چەمکی خۆرئاوادا پەیوەست کراوە بە ئازادی لاشەوە ، کاری سێکسی بـەبێ سیسـتـەم و رێك خستنێك ئەنجام دەدرێت ، خـۆ رووت کردنـەوە لەبەرچـاوی خـەڵکی بـەبێ شـەرم و شـورەیی ، سـەرجەم ئەمانەش بوە هۆی تێك چونی شـیرازەی کۆمەڵایـەتی و رەوشـتی و هـەرەس هێنـانی بونیـادی خێـزان و وێـران کردنی بنەمای رەوشتی و گیانی و بەهاکان لای کوڕان و کچان .

لەم سەردەمەدا لـە شفرۆشـی و بازرگـانی سێکسـی بۆتـە کـارێکی ئاسـایی لـە ژیـانی رۆژانـەی رۆژئـاوادا لـە ئەوروپاو ئەمریکاو ئەو وڵاتانەی کە لە بازنەو خولگەی ئەواندا دەسوڕێنەوە بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـازاڕو دام و دەزگای مۆدێرنیان هەیە . زیاد لەوە بازاڕو نوسینگەی وایان هەیە ئافرەتان لە جامخانەوە بە روتـی نمـایش دەکـەن ، ئەمــەو بازرگــانی سێکســی لــە رێگــای ئینتــەرنێت لــە گــەورەترین بازاڕەکـانی وەبەرهێنانــە، وەبەرهێنان لەم بوارەدا زیاتر لە بلیۆنەها دۆلاری ساڵانەیە ، بۆ نمونـە لـە ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا زیاتر لە نیو ملیۆن ئافرەت کاری تێدا دەکەن . مایەی سەرنج و تێڕامانە بـە پـێ ی ئامارەکـان زیـاتر لـە دە هەزار ماڵپەڕی سێکسی هەیە لە وڵاتانی رۆژئاوادا . ١- **قواعد تكوين البيت المسلم** لاپەڕە ٨٠٥ -٨١٢ .

ئامارەکـانی ئـەم بـوارەش زەنگێکـی مەترسـی دارەو لێـرەدا تـەنها ئامـاژە بـە نـوێترین ئامـار دەدەیـن کـە نوسینگەی ئاماری فەرەنسی لەم ماوەیەدا بڵاوی کردەوە کە تێیدا هـاتووە ، بـە پێـی ئامارەکـانی سـاڵی ٢٠٠٦ نیوەی ئەو منداڵانەی لە فەرەنسادا لە دایك بوون بەرهەمی زیناو داوێن پیسین .

لە میانەی باسەکەدا بۆمان دەرکەوت کە شارستانێتی رۆژئاوای ئەمڕۆ درێژە پێدەری هـەمان شارسـتانی لـە مێژینەییانـە بـە شـەقڵ و شـێوازێکی هاوچـەرخانە ، بـۆ سـەلماندنی ئـەم راسـتییە گـەر دیراسـەیەکی وردی شارستانییەکانی پێشووی رۆژئاوا بکەین ، دیاردەیەك دەبیـنین و هەسـتی پـێ دەکـەین کـە بـە درێـژایی مێـژوو دوبارە دەبێتەوەو وەك راستییەکی مێژوویی تەماشا دەکرێت . بـۆ نمونـە گـەر دیراسـەی مەدەنیـەتی ئـەغریقی بکەین روبەڕوی شێوەیەکی لێکنەچـون و دژ یـەکی دەبینـەوە کـە مایـەی تێڕامـان و سەرسـامییە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا ، ئەویش بریتییە لە نەبونی تەنسـیق و هەماهـەنگی لـە نێـوان سیسـتەمی جوانکـاری و سیسـتـەمی رەوشتی بە ئەندازەیەك ، هەرچەند بۆندو پەیوەندی ژیانی نێوخۆیی کۆمەڵگا هەڵوەشـاوەو پەرتـەوازە بوبێـت ، روکەشی دەرەکی مەدەنیەت بەرزتر و رازاوە تر بـووە ، بەواتایـەکی تـر سسـتی و لاوازی و تێکچـونی شـیرازەی کۆمەڵگا پێچەوانە بـووە لەگـەڵ سـەرخان و رووی دەرەکـی کۆمـەڵگا ، لێرەشدا بنەمایـەکی مێـژوویی بـەدیار

دەکەوێت کە بریتی یە لە ( **ان الغلاف المادي الكامل كثيرا ما يكون تعبيرا حاسما عن نظام مدني فاشل هزيل الروح** ) بەڵێ بەرگ و قاوغێکی مادی کامڵ و تەواو زۆر جار رەنگدانەوەی یەکلاکەرەوەی سیستەمێکی شکست خواردووی بێ گیانە . هەمان شت بە سەر ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا دەسەپێت ، بۆ نمونە لە شارەکاندا بە تایبەت لە رۆمای پایتەخت ، ناوەڕۆك و لایەنی گیانی و پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگە مایەی شەرمەزاری و بێزاری بوون ، بەڵام رووی دەرەکی جوان و رازاوەو سەرنج راکێش بووە . بە هەمان تەرز کۆمەڵگاو شارستانێتی رۆژئاوای ئەمڕۆ روی دەرەکیان جوان و بریقە دارو سەرنج راکێشەو مەردوم حەیران دەکات ، بەڵام دیوی ناوەوەی ژیانی مرۆڤەکان وێرانەو پەیوەندیە نێوخۆییەکان لە چڵە پۆپەی لاوازی و شکستدایە . ١– سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨٠٠ – ٨٠١ .

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژە بە وتەیەکی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی دەدەین کە لە کتێبی ( out of control ) دەڵێت (**المجتمع الذي يسمح فيه بكل شيء و يمكن الحصول فيه على كل شيء هو مجتمع انحط مستواه الاخلاقي ، و انصب جهد الانسان فيه على تلبية رغباته و ارضاء شهواته** ) ١– سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨١٨ .

بەڵێ هەرکات لە کۆمەڵگادا بوار بۆ هەموو شتێك بڕەخسێت بەبێ یاساو دسپلین و هەموو ئەو شتانەش بکرێت بەدەس بێن لە کۆمەڵگادا بەبێ سانسۆر ئەوا ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکە ئاستی رەوشتی نەوی و لاوازە و هەموو تواناکانی مرۆڤیش تێیدا تەنها بەدەست هێنانی حەزو ئارەزوەکانێتی و سەرەنجامیش ئەو کۆمەڵگایە لەو زەلکاوەدا نغرۆ دەبێت و مێژوی کۆن و نوێ ئەم راستیە دەسەلمێنن .

## بەشی سێیەم / ئیسلام و رێکخستنی ئارەزووە سێکسییەکان :

ئایینی پیرۆزی ئیسلام وا دەڕوانێتە وزەو توانا سێکسییەکانی مرۆڤ ، وەك هەریەك لە وزە زیندوەکانی تری ، هەر وزەیەك لە وزەکانی مرۆڤ مەبەست و ئامانجێکی هەیە و لە میانەیەوە ژیان بە شێوەیەکی رێك و جوان و ورد دەگوزەرێت . ئەمەو وزەو ئارەزوی سێکسی ئەڵقەیەکە لە پێکهاتە گشتییەکانی مرۆڤ و پێویستە لە بازنەو ڕەوتی دیاری کراوی خۆیدا بە کاربهێنرێت . ئیسلامیش ئایینی فیترەتەو یاساو بەرنامەیەکی ناوازەی بۆ ئەم مەبەستە داڕشتوەو هیچ درز و کەلێنێکی ئەم بوارەی نەهێڵاوەتەوە بە فەرامۆش کراوی . بۆ رون کردنەوەی باسەکەمان بە شێوەیەکی زانستی و بابەتی لە میانەی چەند خاڵێکدا بە کورتی و لە میانەی دەقەکانی شەریعەتەوە ئەم پرسە تاوتوێی دەکەین .

### یەکەم / ئیسلام ئایینی میانەیی پەروەردگارەو هاو تەریبی فیترەت و سوننەتی ژیانە :

گەر سەرنجێك لە ئایەتەکانی قورئان و فەرمودە بە پێزەکانی پێغەمبەر بدەین ( صلى الله عليه وسلم ) . بە ئاسانی بۆمان رون دەبێتەوە کە خوای گەورە نەهی لە رەبەنگەرایی _ **رهبانية** _کردووە کە گاورەکان دایان هێناوە و پێچەوانەیە بە فیترەتی ژیان و مرۆڤ ، مایەی پەکخستنی ژیان و تێك گیرانە بە سوننەت ، هەڵچونە لە

تەرازودا ، هەربۆیە قورئانی پیرۆز رەخنەی لەو کەسانە گرتوە کە زینەت و خۆشیە پاکەکانی ژیان قەدەغە دەکەن ( قل من حرم زينة الله التي اخرج لعباده والطيبات من الرزق ) الاعراف ٣٢ .

بەواتای : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ : ئەوە کێیە پۆشاك و زینەت و جوانییە خواییەکانی لە بەندەکانی حەرام کردوە کە لە بنەڕەتدا خۆی بۆی بەدی هێناون ؟ هەروەها ئەوە کێیە رزق و رۆزییە چاکو پاکەکانی حەرام کردوە ؟

چێژو خۆشی و نازو نیعمەتەکان سفرەو خوانێکی پەروەردگارە لە سەر زەویدا و بانگەشەی پێغەمبەرانیش بۆ ئەم مەبەستە کراوە . ( ياايها الرسل كلوا من الطيبات واعملوا صالحا اني بما تعملون عليم ) المؤمنون ٥١.

بە واتای : ئەی گرۆی پێغەمبەران ، بخۆن لە رزق و رۆزییە چاکو پاکەکان ، کارو کردەوەی چاکیش ئەنجام بدەن ، بە راستی من زانام بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە دەیکەن .

هەروەها فەرمویەتی ( يا ايها الذين امنوا كلوا من طيبات ما رزقناكم ) البقرة ١٧٢ .

بە واتای (( ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بخۆن لەو رزق و رۆزیە چاکو باشانەی کە پێمان بەخشیون )) .

هەموو ئەمانەی باسکران نازو نیعمەت و بەخششی پەروەردگارەو پێداویستییەکی بەردەوام بونی ژیانە ، پێویستە مرۆڤیش بەو ئاراستەیەدا هەنگاو بنێ و دژی نەوەستێتەوە ، ئاراستەی پێچەوانە وەرنەگرێت کە پێچەوانەیە بە شەریعەتی خوا و فیترەت و سوننەتی ژیان .

خوای گەورە نیعمەتە پاك و چاکەکانی حەلاڵ کردووە ، نابێت کەسیش ئەو نیعمەتانە لە سەر خۆی حەرام و قەدەغە بکات ، یان بانگەشەی حەرام کردنی بکات .

هەموو شتە رێپێدراوەکان مایەی خێرو خۆشی و چێژو لەزەتە بۆ مرۆڤەکان ، حەزو خۆشەویستی و ئارەزو فیترەتێکەو لە مرۆڤدایەو مایەی پاراستن و مانەوەی مرۆڤە و ناکرێت وازی لێ بهێنرێت و دژایەتی بکرێت . هەر لەم روانگەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی (زين للناس حب الشهوات من النساء والبنين و القناطير المقنطرة من الذهب والفضة والخيل المسومة والانعام و الحرث ذلك متاع الحياة الدنيا و الله عنده حسن الماب ) ال عمران ١٤ .

بە واتای (( ئارەزوی ئافرەت و بوونی نەوەی نێرینەو خاوەنێتی ئاڵتون و زێڕ و زیوی زۆر و زەبەندە و ئەسپی چاك و رەسەن و ( هۆکانی هاتوچۆ) هەروەها ماڵات و زەوی و زاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی رازێنراوەتەوە ئەوانە هەمووی نازو نیعمەتی ژیانی دنیان ، خوایش _ بۆ چاکان _ شوێنی گەڕانەوەی رازاوە و خۆشی لای خۆی ئامادە کردووە –کە بەهەشتە – )).

بۆیە ئیسلام ئەوەی پێی دەڵێن – کبت– کپ کردن نازانێ و چونکە دان دەنێ بەهەموو حەزو ئارەزووە خۆماکەکان بەگشتی و بە خراپ و پیسیان نازانێ و دژیان ناوەستێتەوە ، بەڵکو یاساو رێسای بۆ دادەنێ و رێکی دەخات بەو ئەندازەی خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات . بۆیە ئیسلام میانەیی دەپارێزێت لە نێوان حەزو ئارەزووە خۆماکەکانی ژیانی دونیا و رەزامەندی خوای گەورە و ژیانی دواڕۆژدا. لە هەمان کاتدا بانگی مرۆڤەکان دەکات بۆ ژیانێکی گەورەتر و خۆشتر لەوەی ، لە دونیا دەیبینن و دەیچێژن .

( قل اؤنبئكم بخير من ذلكم للذين اتقوا عند ربهم جنات تجري من تحتها الانهار خالدين فيها و ازواج مطهرة و رضوان من الله والله بصير بالعباد ) ال عمران١٥.

بە واتای ((–ئەی محمد (ﷺ) بەو خەڵكە – بڵێ : ئایا هەواڵی چاكتر لەو نازو نیعمەتانەتان پێ رابگەیەنم؟! – ئەویش ئەمەیە كە – بۆ ئەوانەی پارێز كارو خواناسن ، لای پەروەردگاریان باخەكانی بەهەشت ئامادەیە بۆیان كە : چەندەها روبار بەژێر درەختەكانیدا و بە بەردەم كۆشكەكانیدا دەڕوات ، هاوڕێ لە گەڵ ژیانی نەبڕاوە لە گەڵ هاوسەرانی پاكیزەداو هەست كردنی بەردەوام بە رەزامەندی پەروەردگاری ئازیز ، بێگومان ئەو خوایە بینایە بە بەندەكانی )).

قورئانی پیرۆز وەك شێوازێكی رون كردنەوەو تێڕامان بەردەوام بەراوردمان بۆ دەكات لە نێوان خۆشی و چێژی دونیا لە گەڵ نازو نیعمەتەكانی رۆژی دواییدا ، ئەمەش بە مەبەستی بە دیهێنانی هاوسەنگیەك لە رەفتارو هەڵسوكەوتی مرۆڤەكاندا ، تا لە نێو حەزو ئارەزووەكانی ژیانی دونیادا زێدە رۆیی نەكەن و رۆ نەچن ، زیكرو یادی خوایان لە بیر نەچێتەوە . لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت خوای گەورە زەمی حەزو ئارەزوەكان ناكات بەڵكو زەمی رۆچون و زێدەرۆیی و نغرۆ بون دەكات لە حەزو ئارەزووەكاندا . گەر مرۆڤیش بە ئەندازەی دروست و پێویست حەزو ئارەزوەكانی بە حەلاڵی لە هەموو بوارێكەوە تێر كرد ئەوا توشی زەم و سەركۆنە نابێتەوە بەڵكو بە پێچەوانەوە خێرو پاداشتی دەست دەكەوێت .

خوای گەورەش لەم بارەوە فەرمویەتی ( یا ایها الذین امنوا لا تحرموا طیبات ما احل الله لكم ولا تعتدوا ان الله لا یحب المعتدین . وكلوا مما رزقكم الله حلالا طیبا واتقوا الله الذي انتم بە مؤمنون ) المائدة ٨٧–٨٨ .

بەواتای ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە ، ئەو نازو نیعمەتە چاكانەی كە خوا بۆی حەڵاڵ كردون لە خۆتان حەرام مەكەن و لە سنور دەرمەچن و دەست درێژی مەكەن، چونكە بەڕاستی خوا دەست درێژكارانی خۆش ناوێت .ئەو رزق و رۆزییە حەڵاڵ و پاكانە بخۆن كە خوا پێی بەخشیون ، لەو خوایە بترسن كە ئێوە هەمیشە باوەڕی دامەزراوتان پێیەتی ( خۆتان لە رزق و رۆزی حەرام بپارێزن ) .

**دووەم / هەڵوێستی ئیسلام لە نێوان بەرەڵایی و رەبەنگەراییدا :**

ئاینی ئیسلام بەوە جیا دەكرێتەوە لە نێو هەموو ئاین و رێبازێكی تردا ، ئاینی میانەییەو زێدەڕۆیی و بەزایەدانی تێدا نییەو هاوسەنگی رادەگرێت . سەبارەت بە حەزو ئارەزووە سێكسییە كانیش بە هەمان تەرز میانەیی هەڵبژاردووە لە نێوان رێچكەی بەرەڵایی ، كە هەموو سنورو هێڵە سورەكانی ئاین و رەوشت و بەها مرۆییەكانی بەزاندووەو وە لە نێوان رەبەنگەراییدا كە هەوڵ دەدات حەزو ئارەزوەكان كپ و مۆڵ بكات .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام دژی سێكس نییەو بە خراپ و نەگریسی نازانێت ، بەڵكو بە پێویستی دەزانێت و سیستەمێكی ورد و كاملی بۆ داناوە ، لە میانەی پێك هێنانی ژیانی هاوسەری و یەكەی خێزان و رێكخستنی

پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دا ، ئەمەو رێوشوێن وکارڕایی دروستی بۆ داناوە وەك خاوێنی و میانەیی بە شێوەیەکی راشکاوانە .

علی عزت بیگۆفیتش لە وتارێکدا بەناو نیشانی ( المراة بين المجتمع الاسلامي و المجتمع الغربي ) دادەڵێت :

(( ان الاسلام لا يرفض الحياة الجنسية ، لانه يدعو الى حياة طبيعية و سعادة الحب ، بقدر ما يدعو الى صحة البدن و القوة والشجاعة والجهاد و كسب المال ، و لانه يعارض الاعراض عن الدنيا كما يعارض الاسراف فيها . يطالبنا الاسلام بجني ( الثمار السماوية ) اضافة الي ( الثمار الارضية ) و يسمح للانسان ان تمتد يداه ( اللتان رفعتا الى الله متذللة بالدعاء قبل قليل ) نحو مسرات الدنيا ، ولا تعلمنا الاداب الاسلامية الالحاح فى ذكر المحرمات " لان الاسلام لا يسعى لاقامة جدار يحوط جميع الانهار التى يمكنها ارواء العطش . ولا يطالب الاسلام بالقضاء على الشهوات ، بل يطالب بالسيطرة عليها ، ولا يسعى لقطع الشهوة الجنسية ، لكنه يضع لها الضوابط و الحدود " (١) .

" ان مطالبة الانسان بامور تتنافى مع طبيعته ، و تخرج عن دائرة طاقته ، مثل اتلاف البدن و الاعراض عن الجنس و قطع الشهوة ، يمكن ان تاتي بنتائج عكسية كانتشار الزنى بالطريقة التى نشاهدها في دول الغرب ، يؤكد الفيلسوف كيركيغارد ان موقف النصرانية المعادي للحياة الجنسية انشا مشكلة الجنس ، و يضيف (دينى دى روزمون ) في كتابه اساطير الحب : ان المشكلة الجنسية تظهر فقط في اوربا في صورتها المعقدة "" لان التعاليم و الاخلاق النصرانية هزت اوربا لكون النصرانية في صدام ابدي مع متطلبات حياة عامة الناس " .

وفي حقيقة الامر تكون المجتمع الاوربي – والكلام للسيد علي عزت بيغوفتش – تحت تاثير متزامن لفلسفتين متناقضتين : الفلسفة النصرانية المعادية كليا للحياة الجنسية ، و الفلسفة المادية الداعية الى التمتع بكل ما في هذه الدنيا الوحيدة ، وبما ان الخيار النصراني مستحيل البلوغ في واقع الحياة __ بغض النضر : اعترف هؤلاء بذلك ام لا – فان الغلبة كانت من نصيب الفلسفة الثانية ، و ظل الاسلام ابدا يبحث و يجد طريق الوسطية في الحياة الجنسية شانه في بقية امور الحياة "" لان الاسلام كان وبقي فلسفة الممكن في الحياة "" ا. ه (٢) )) .

پوختەی باسەکەی بریتییە لەوەی کە: ئیسلام ژیانی سێکسی رەت ناکاتەوە ، لە بەرئەوەی بانگەواز بۆ ژیانی سروشتی و بەختەوەری و خۆشەویستی دەکات . بە ئەندازەی ئەوەی بانگەشە بۆ تەندروستی لاشەو هێز و ئازایەتی و تێکۆشان و بە دەست هێنانی ماڵ و سامان دەکات . ئیسلام نەیاری وازهێنان نییە لە دونیا، هەر وەك چۆن نەیاری رۆچون و زێدە رۆییە تێیدا ، ئیسلام داوامان لێ دەکات بە رنینی بەروبومی ئاسمانی سەرەڕای رنینی بەروبومی سەر زەوی ، بوار دەدات بە مرۆڤ دەستەکانی بەرز بکاتەوەو داوای خۆشیەکانی دونیا بکات . ئادابی ئیسلامیش فێرمان ناکات جەخت بکەینەوە لە باسکردنی قەدەغە کراوەکان ، لە بەرئەوەی ئیسلام هەوڵ نادات بۆ بیناکردنی دیوارێك کە هەموو ئەو روبارانە بگرێتە خۆ کە دەکرێت تینووەکان تێر ئاو بکات ، ئیسلام داوا ناکات حەزو ئارەزوەکان لەناوببرێت بەڵکو داوای کۆنترۆڵ کردنی دەکات .

داوا کردنی شتێك لە مرۆڤ کە پێچەوانە بێت لەگەڵ سروشتیدا و دەرچێت لە بازنەی تواناکانیدا ، وەك پەکخستنی لاشەو وازهێنان لە سێکس و داماڵین و دابڕان لە شەهوەت و حەزو ئارەزوو ، دەشێت دەرەنجامی

پێچەوانەو نەرێی بدات بە دەستەوە وەك بلاَو بونەوەی زیناو داوێن پیسی بەو ڕێگاو شێوازەی کە دەیبینین لە وڵاتانی رۆژئاوادا .

(کیرکیگارد ) ی فەیلەسوف جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە هەڵوێستی نەیاری گاورێتی بۆ ژیانی سێکسی کێشەی سێکسی دروست کرد و هێنایەکایەوە . ( دینی دی روزمون ) لە کتێبەکەیدا ( داستانەکانی خۆشەویستی ) دەڵێت ( کێشەی سێکسی تەنها لە ئەوروپادا بە وێنە ئاڵۆزەکەی دەرکەوت ) .

لە بەر ئەوەی رەوشت و رێنماییەکانی گاورێتی ئەوروپای هەژاند بەوەی گاورێتی لە روبەڕو بونەوەی هەمیشەیدایە لە گەڵ خواستەکانی ژیان و هەموو خەڵکی .

لە راستیدا کۆمەڵگای ئەوروپی هاوکات لە ژێر کاریگەرێتی دوو فەلسەفەی دژ بەیەکدا پێکهات : فەلسەفەی گاورێتی ، نەیاری تێکڕایی بۆ ژیانی سێکسی و فەلسەفەی مەتریالیستی – مادی – کە بانگەشە بۆ چێژ وەرگرتن بە رەهایی دەکات ، بۆ هەموو ئەو شتانەی لەم دونیایەدا هەیە . هەر وەك بژاردەی گاورێتی ناکرێت بێتە دی لە واقیعی ژیاندا – هەر چەندە ئەوان دان دەنێن بە مەدا یان نا – بۆیە بالأدەستی بەر فەلسەفەی دووەم کەوت . ئیسلامیش بەردەوام دەگەڕێت و ڕێگای میانەیی لە ژیانی سێکسیدا دەدۆزێتەوە ئەمەش هەروەك بوارەکانی تری ژیان ، لە بەرئەوەی ئیسلام بەردەوام فەلسەفەی شیاوە بۆ ژیان .

١– **منهج التربية الاسلامية في تنظيم الغريزة الجنسية _ محمد علي الخطيب . مقالة منشورة في الانترنيت** .

ئیسلام بوار نادات بۆ دامەزراندنی پەیوەندی سێکسی ناڕەواو حەرام چونکە دەبێتە مایەی تێکچونی شیرازەی تاك و خێزان و کۆمەڵگا ، ئیسلامیش بۆ پاراستنی ئەمانە هاتووە ، بە هەمان تەرز لە گەڵ کپ کردنی وزەو ئارەزووە سێکسیەکان و وازهێنان لە پێك هێنانی ژیانی هاوسەرێتی نییە ، وەك وچۆن پیاوانی کلێسا و هەندێك لە فەیلەسوفەکان و سۆفیە رۆچووەکان بانگەشەی بۆ دەکەن .

ئیسلام ئاینی میانەییەو بانگەشە دەکات بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکان لە میانەی ژیانی هاوسەرێتییەوە وە قەدەغەکردنی پەیوەندی سێکسی لە سەر بنەمای هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و رەزامەندی و شتی تری لەو بابەتە ، چونکە دەبێتە مایەی فەوزای سێکسی و داروخانی یەکەو بونیادی خێزان و روخانی بەها کۆمەلأیەتی و مرۆڤایەتی و ئاینییەکان و رەواج دانە بە تاوان و بێ ئابڕویی و خراپە کاری . هەروەها ئیسلام نەهی دەکات ، لە رەبەنی و دوور گرتن لە ژیانی هاوسەری ، لە بەر ئەوەی پێچەوانەیە بە فیترەت و ژیری و پێویستی لاشەو دەرون .

هەر سەبارەت بە میانەیی دکتۆر ( الکسیس کاریل ) لە کتێبە بە نرخەکەیدا ( **الانسان ذالك المجهول** ) دا دەڵێت ( **من المعروف ان الافراط الجنسي يعرقل النشاط العقلي و يبدو ان العقل يحتاج الى وجود غدد جنسية حسنة حتى يسستطيع ان يبلغ منتهى قوته** ) بە واتای : رۆچون و زێدەڕۆیی سێکسی چالاکی ژیری مرۆڤ پەك دەخات ، ژیریش پێویستی بە بوونی رژێنی سێکسی باش هەیە تا بگاتە پۆپەی هێزو تواناکانی . ١– **تحفة العروس** لاپەڕە ١٩ .

شوێن کەوتوانی کڵێساو هاوڕاکانیان و هەندێك لە قوتابخانە هزرییەکان و فەیلەسوفەکان و زانایانی رەوشت ، کرداری سێکسیيان بە رەفتارێکی ئاژەڵی پیس و قێزەون دەژمارد ، ئەم دەستەو گروپانە رێگای کپ کردنی حەزو ئارەزوەکانیان هەڵبژارد. زۆرێك لەلاوان کە هەڵگری ئەم بیرو باوەرە بوون بە هەردوو رەگەزەوە ژیانی سروشتی و چێژی رەوایان لە خۆیان قەدەغە کرد ، هەندێکیان وەرزش و کاری قورس و گرانیان ئەنجام دەدا و بەرگەی فشارو ئازاری زۆریان دەگرت ، بە هیوای ئەوەی بگەنە ئاستی کەماڵی گیانی و ترویکی مەعنەوی .

لە کۆتایی ئەم سەرباسەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە راستیەکی سەلمێنراو بکەین کە میانەیی ئیسلام رون دەکاتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە چێژو هەستی دەرون کاردەکاتە سەر باری دەرونی و هزری و توانای دەرونی و لاشەیی مرۆڤ ، هەست بە رەزامەندی و بەختەوەری و حەسانەوەی لاشەیی و دەرونی دەکات ، لە کاتێکدا مرۆڤ بە خاوێنترین رێگا تواناو ئارەزووە سێکسی یەکانی تێربکات. لە نێوان ژن و مێردا وەفاو خۆشەویستی راستەقینەی دامەزراو لە سەربنەمای سۆزو میهرەبانی و هاوبەشی ژیان دامەزراوە ، نەك ئارەزویەکی ئاژەڵانە ، تەنها مەبەستی خاڵی کردنەوەی شەهوەت و گەیشتن بە چێژو خۆشییەکی کاتی بێت بەبێ بوونی سۆزو میهرەبانی و خۆشەویستی راستەقینە . لە میانەی ئەم راستیەوە بە دەردەکەوێت هەست و سۆزی زینا کەران بە هەردوو رەگەزەوە وەك هەست و سۆزی هاوسەرەکان نییە ، یەکەمیان هەستێکی شەهوانی ئاژەڵانەیەو سنورداره بە چێژێکی هەستپێکراوی کاتی و زوو کۆتایی پێ دێت ، هیچ جۆرە رێزو وەفاو خۆشەویستیەك لە ئامێز ناگرێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر جار رق و کینەو بێزاری لێدەکەوێتەوە . بۆیە هەستی زینا کەران هەستێکی رووخاوەو پڕە لە گرێی دەرونی و روخانی رەوشت و ئاکاری جوانی لێ فەراهەم نایەت . بەڵام هەستی هاوسەرانی شەرعی هەستێکی پاك و جوان و بەرزو خاوێنەو خۆشەویستی و سۆز و دەرون بەرزی و ژیانی راستەقینەی نێودڵ و ویژدانی لێدەکەوێتەوە ، بە کورتی هەستی هاوسەران هەستێکی بیناکەرانەیە و هەستی زیناکەران هەستێکی وێران و روخێنەرە ، هەر بۆیە لە ئیسلامدا بە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری دەڵێن بینا کردن چونکە دامەزراندنی دوو دەرون و دامەزراندنی یەکەی خێزانە .

١- قواعد تكوين لاپەڕە ١٣١-١٣٢ .

## سێیەم / ئیسلام بەدەم سروشتی سێکسییەوە دەچێت :

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی پێك هێنانی خێزان دەدا و بەکاری پیرۆز و سوننەتێکی ژیانی لە قەڵەم دەدات و خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی ( والله جعل لكم من انفسكم ازواجا ) النحل ٧٢.

بەواتای خوا هەر لە خۆتان هاوسەرانی بۆ فەراهەم هێناون . ئەمەش حیکمەت و سودو کەڵك و ئارامی تێدایە بۆ ژیان هەروەك فەرمویەتی ( وجعل منها زوجها ليسكن اليها ) الاعراف ١٨٩.

بەواتای : هەر لەویش هاوسەرەکەی بۆ بە دیهێنا بۆ ئەوەی ئارامی لە لا بگرێت . ئەم ژیانی هاوسەرییە بێ هودەو مەرام نییە هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی ( وجعل لكم من ازواجكم بنين وحفدة و رزقكم من الطيبات افبا الباطل يؤمنون و بنعمت الله هم يكفرون ) النحل٧٢.

بەواتای : هەر لەرێگەی هاوسەرانتانەوە کوڕ و کوڕەزای پێ بە خشیون ، لە هەموو رزق و رۆزیەکی چاك و پاك و بە سود بەهرەوەری کردون ( لەگەڵ ئەو راستیانەدا ) ئایا ئەوانە هەر بڕوا بە شتی پوچ و ناهەقی دەکەن و لە بەرامبەر نازو نیعمەتەکانی خواوە ئەوانە هەر ناشوکرو سوپاس ناپەزێری و بێباوەڕدەبن ؟

ئەمەو هاوسەرگیری تاجی شکۆیی و سوننەتی پێغەمبەران و نێردراوانی خوان هەر وەك پەروەردگاری کار بەجێ فەرمویەتی ( ولقد ارسلنا رسلا من قبلك و جعلنا لهم ازواجا و ذرية ) الرعد ٣٨.

بەواتای : سوێند بە خوا بێگومان پێش تۆ پێغەمبەرانی ترمان رەوانە کردوەو هاوسەر و نەوەشمان پێداون. هەروەها نزاو پاڕانەوەی بەندە خواناسەکانیش ئەوەیە کە دەڵێن ( ربنا هب لنا من ازواجنا و ذرياتنا قرة اعين و اجعلنا للمتقين اماما ) الفرقان ٧٤.

بە واتای : پەروەردگارا لە هاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی روناکی دیدەمان و شادمانی دڵمان و بمانکە بە پێشەوا بۆ پارێزکاران و خواناسان .

پێغەمبەری ئازیزیش سەبارەت بە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی فەرمویەتی (و اتزوج النساء ، فمن رغب عن سنتي فليس مني ) رواه مسلم . بەواتای : من ژن دەهێنم هەرکەسێکیش پشت لە سوننەتی من بکات لە من نییە ( واتە رێگەی منی بە تەواوی نەگرتووە ) .

هەروەها فەرمویەتی ( **اربع من سنن المرسلين : الحياء و التعطر و السواك و النكاح ) اخرجه الترمذي وقال حديث حسن غريب ، واحمد في مسنده و سعيد بن منصور في سننه** . بەواتای چوار شت لە سوننەتی پێغەمبەرانە : حەیا و شەرم ، بۆن خۆشکردن ، بەکارهێنانی سیواك و ژنهێنان .

هەروەها فەرمویەتی ( **من رزقه الله امراة صالحة ، فقد اعانه على شطر دينه ، فليتق الله في الشطر الثاني** ) اخرجه الحاكم فى المستدرك _ كتاب النكاح _ ١– بڕوانە قواعد تكوين لاپەڕە ٩٥ .

. بە واتای : هەر کەسێك خوای گەورە خێزانێکی چاك و صاڵحانی پێ ببەخشێت ئەوا چاودێری کردوە لە نیوەی دینەکەی با لە خوا بترسێت و خۆپارێز بێت لە بەشەکەی تری .

هەروەها فەرمویەتی ( يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج ، فانه اغض للبصر واحصن للفرج ومن لم يستطع فعله بالصوم فانه له وجاء ) رواه مسلم .

بەواتای (( هەر کەس لە ئێوە توانای هەیە ، با ژن بهێنێت ، چونکە ژن هێنان باشترین هۆکارە بۆ چاوپارێزی و داوێن پارێزی ، هەرکەسێکیش ناتوانێت با رۆژوو بگرێت ، چونکە بۆی دەبێتە قەڵغان )).

ئەمەو ئاینی پیروزی ئیسلام بە تەنها هانی پێك هێنانی ژیانی هاوسەری نادات بەڵکو جووت بونی خێزانی بە خێرو چاکە لە قەڵەم دەدات و لە خانەی عیبادەت دا

دەیژمێرێت هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ( وفي بضع احدكم صدقة . قالوا ياتي احدنا شهوته ويكون له فيها اجر ؟. قال : (ارايتم لو وضعها في حرام ، اكان عليه وزر ؟.) قالوا نعم ، قال ( وكذلك اذا وضعها في الحلال كان له اجر ) رواه مسلم.

ورد بونەوەو تێڕامان لەم دەقانە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پەیامی خوایە چەند ورد و تۆکمەو دادو مەبەست پێکاوە بە ئەندازەیەك مرۆڤ تەنانەت لەکاتی جوت بونی لەگەڵ هاوسەریدا دانابڕێت لە خێرو پاداشتی رۆژی دوایی .

هەروەها پێغەمبەری ئازیز ئادابی چونە لای خێزانیش بە پێوەرێکی دروست دەخاتە روو دەفەرموێت ( لو ان احدكم اذا اراد ان ياتي اهله قال : بسم الله ، اللهم جنبنا الشيطان و جنب الشيطان ما رزقتنا ، فانه ان يقدر بينهما ولد في ذلك لم يضره الشيطان ابدا ) رواه البخاري و مسلم .

بەواتای (( ئەگەر یەکێ لە کاتی دروست بوون لە گەڵ هاوسەرەکەیدا بڵێ : بسم الله ، خوایە شەیتانمان لێ دوور بخەرەوەو لە نەوەکانیشمان بە دوری بگرە ، ئەگەر لەو شەوەدا خودا هەر مندالێکیان پێ ببەخشێ هەرگیز شەیتان زیانی پێ ناگەیەنێت )).

ئەمەش ئەو پەڕی ورەکاری و حیساب بۆ کردن و پەیوەست کردن و گونجاندنە، لە نێوان مادەو گیاندا بە شێوەیك هیچ بەرنامەو یاسایەك ئەمەی پێناکرێت .

لە میانەی راستیەکانی سەرەوە دەرکەوت کە ژنهێنان و پێکهێنانی خێزان کارێکی پێویستە بۆ سەلامەتی و ئاسایش و بەختەوەری کۆمەڵگا ، گەر لاوان لە کاتی گونجاودا ژن بهێنن و پەیوەست بن بە ژیانی هاوسەرییەوە ئەوا لادان و خراپەکاری و تاوان و ستەم و خۆکوشتن و نائارامی و ئالودە بوون بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە بە رێژەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە ، بە پێی ئامارەکان زۆربەی تاوان و لادانەکان ئەو کەسانە ئەنجامی دەدەن کە بێبەشن لە هاوسەرو ژیانی خێزانی سەنگین . ١- **قواعد تكوين** لاپەڕە ١٠٧ .

**چوارەم : سانایی پرۆسەی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا .**

لە میانەی رێنمایی و ئامۆژگاریەکانی ئیسلامەوە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیریی کارێکی ئاسانەو بۆ هەموو کەس ، ئیسلام هانی مسوڵمانان دەدات لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریدا گیر نەبن و مادەو سامان و زێڕو زیو نەکەن بە پێوەر ، با پێوەرەکان بڕوا و رەوشت بەرزی و گونجاندن و هاوشانی بێت ، پێغەمبەری ئازیز فەرمویەتی ( خير النكاح ايسره ) رواه ابو داود. ١- بڕوانە فقه السنة للنساء لاپەڕە ٤٣٤ .

هەروەها فەرمویەتی ( **ان من يمن المراة تيسير خطبتها ، وتيسير صداقها ، وتيسير رحمها**) رواه احمد و الحاكم و البيهقي . ١- **نقلا عن رسائل عاجلة** . لاپەڕە ٢٣ .

پێشەوای مسوڵمانان عومەری کوڕی خەتتاب خوای لێڕازیبێت فەرمویەتی ( **الا لا تغالو بصداق النساء ، فانها لو كانت مكرمة في الدنيا و تقوى عند الله لكان اولاكم بها نبي الله ! ما علمت رسول الله صلى الله عليه وسلم نكح شيئا من**

**نسائه ولا انكح شيئا من بناته على اكثر من اثنتي عشرة اوقية) رواه الترمذي و النسائي و احمد .١– بڕوانە منهج التربية الاسلامية في تنظيم الغريزة الجنسية مقالة منشورة في الانترنيت .**

بەواتای : مارەیی ژنان گران مەکەن گەر مارەیی زۆر و گران، ڕێزو شکۆ بوایە بۆ ژیانی دنیاو خواپەرستی و تەقوا بوایە لای خوای گەورە ئەوا پێغەمبەری خوا لە ئێوە لە پێشترە ، نەمزانیوە مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) یان کچەکانی کە بەشوی داون مارەییەکەیان لە دوازدە ئوقییە زیاتر بوو بێت .

کاتێك ئیمامی عەلی فاتیمەی مارە کرد خوایان لێڕازیبێت پێغەمبەری خوا پێیی فەرموو ( **اعطها شيئا ، قال ما عندي شيء ، قال اين درعك الحطمية فا عطها اياه** ) **رواه النسائي و الحاكم** . ١– سەرچاوەی پێشوو .

دەبینین مارەیی فاتیمەی کچی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) باشترینی ئافرەتانی جیهان مارەییەکەی تەنها قەڵغانێکە ئایا ئەمە لە بەهاو کەسایەتی ئەوی کەم کردۆتەوە ؟

پێغەمبەری خوا فەرمویەتی ( **ثلاث حق على الله عونهم : المجاهد في سبيل الله ، و المكاتب الذي يريد الاداء ، والناكح الذي يريد العفاف) رواه الترمذي .١– الجنس ولعلاقات الجنسية مقالة منشورة في الانترنيت .**

بەواتای : خوای گەورە سێ شتی لە سەر خۆی داناوە کە یارمەتی و هاوکارییان بکات : تێکۆشەرێك لە پێناوی خوادا تێبکۆشێت ، قەرزدارێك بیەوێ قەرزەکەی بداتەوە ، کەسێك ژن بهێنێت بە مەبەستی پاکیزەیی و خاوێنی .

مەخابن ئەمڕۆ بەهۆی دورکەوتنەوە لە ڕێنماییەکانی ئیسلام و باڵادەستی ژیانی مادی بە سەر خەڵکیدا ، پرۆسەی هاوسەرگیری بۆتە قەیران و گرفتێکی وا کە لە توانای زۆرێك لە لاوان نییەو داواکاری و پێداویستیە مادییەکان لە ئەژماردن نایەو ، باوو نەریتی بێسودی نێو کۆمەڵگا قەیرانەکانی ئاڵۆزتر کردووە ،بە ئەندازەیەك فەلسەفەو ماناو حیکمەتی ژنهێنان کاڵ بۆتەوە ، ئەمەش بێگومان دەرەنجامی نەرێنی لێکەوتۆتەوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پرسەکە ئاڵۆزتر دەبێت .

بەمەبەستی خزمەت کردن بە ڕەوشەکە ئەم پێشنیارانەی لای خوارەوە بە پەسەند دەزانم خوازیارم لایەنە بەرپرسەکان بە گیانی لێبوردەیی و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی کاری لە سەر بکەن :

١– پێدانی سلفەی ژنهێنان لە لایەن حکومەتەوە بە کوڕان بە کچان بە بڕێکی وا کە بتوانن پێداویستیەکانیان تا ئەندازەیەك دابین بکەن .

٢– ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەریەکەو لە لای خۆیانەوەو بە پێی بەرنامەو پلانێکی داڕێژراو ڕۆڵی کارا ببینن بۆ هوشیار کردنەوەی خەڵکی بە گشتی و کوڕان و کچان بە تایبەتی تا تێچونی پێکهێنانی خێزان لە ئاستێکدا نەبێت کە لە وزەو توانای لاواندا نەبێت .

٣– زانایانی ئیسلامی لە میانەی وتارەکانیانەوە ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن لە هوشیار کردنەوەی خەڵکی و حیکمەت و فەلسەفەی ژنهێنان لە میانەی شەریعەتی ئیسلامدا .

## بەشی چوارەم / رۆژئاوا وێڵی بە خۆداچونەوەیە :

لە کاتێکدا رۆژهەڵات بە دووی تەبەناکردنی بەهای شۆرشی سێکسی و ئازادی بیٚ قەید و شەرتی سێکسیە و لە رۆژئاوادا سەرەتای دەست پێشخەرییەکی(( دژە شۆڕش)) دەستی پیٚ کردوە . دوای دەیان ساڵ لە بڕوا و قەناعەت بوون بە پەیوەندییەکی کراوەو بیٚ سنور لە نێوان تاکەکاندا .

رۆژئاوا دەستی کردوە بە پێداچونەوەی ئەدەبیاتی تایبەتی خۆی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنان . رەوت و ئاراستەیەك هاتۆتە ئاراوە بانگەشە بۆ پاکیزەیی دەکات لە نێو ئەو شەپۆلە بیٚ سنورەی بەرەڵایی و بیٚ ئابڕوییەدا . ئەم رەوتەش نەك قەتیس بێت لە موحافیز کارەکان و ئاین زاکان یان تەنها بانگەشە بێت بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیە سێکسییەکان . بەڵکو بە خۆداچونەوەیەکە لە چوارچێوەیەکی نوێدا خۆی دەبینێتەوە کە بانگەشەیە بۆ رێکخستنی حەزو ئارەزووە سێکسییەکان و نغرۆ نەبون لە نێو بەدرەوشتی و بیٚ ئابڕوییدا ، دواخستنی کرداری سێکسی بۆ دوای ژیانی هاوسەرێتی و قایل بوون بەیەك هاوسەرەوە . لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا دەکرێت دوای دەیان ساڵ کە شۆرشی سێکسی لە چڵە پۆپەی رەهاییدا بێت ، بە پاڵپشتی حکومەت و کۆمەڵگەی رۆژئاوا ، جارێکی تر شۆرشێکی نویٚ بە ئاراستەی دژ و پێچەوانە سەرهەڵبێنیٚ و پاڵپشتی بکرێت لە لایەن حکومەت و کۆمەڵگاوە ؟!

بە پێی لۆژیك و پاڵپشت بە لێکۆڵینەوەی زۆر کە لایەنگرانی بزوتنەوەی پاکیزەیی لە کۆمەڵگای رۆژئاوا کردویانە ، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت زوو یان درەنگ بزافێکی شۆرش گێڕی دژ بە سنور تێپەڕاندن و رەهایی سێکسی بیٚ ئابڕویی بێتە ئاراوە ، ئەم بزاڤە بانگەشە بۆ رێکخستنی سێکسی و کۆنترۆڵ کردنی حەزو ئارەزوو غەریزەییەکان دەکات .

لە ئەمەریکا زۆرێك لە بەرپرس و سەرکردەکان هاتونەتە نێو بزاڤەکەوە و پاڵپشتی لیٚ دەکەن لەوانە سەرۆك جۆرج بۆش. باس لەوە دەکرێت کە بوجەکەیان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە( ١٣٥ ) ملێون دۆلاری ساڵانەیە. ئەمەو (رێکخراوی چاودێری ژنانی ئەمەریکا ) کە گەورەترین رێکخراوی ئەمەریکییە ، هەڵمەتێکی تازەو بە هێزیان دەست پێکردووە بۆ لەناو بردنی دیاردەی سك پڕی ئافرەتان پێش شوکردنیان و هۆشیار کردنەوەیان بە پاراستنی عازەبێتی و کچێتییان پێش شوکردنیان .

ئەمەو رێکخراوەکە ٢ ی ئایاری هەموو ساڵێك وەك رۆژێکی گرنگ لە مێژووی ئەمەریکا دەست نیشان کرد ، ئامانجیش لەو رۆژە نوێکردنەوەی بانگەوازە بۆ لەناو بردنی دیاردەی سك پڕی و ئەنجامدانی کاری سێکسی پێش ژیانی هاوسەرێتی .

ئەمەو ( د . جانیس کراوس ) سەرپەرشتیاری گشتی هەڵمەتەکەو یەکێك لە دامەزرێنەرانی رێکخراوەکە باس لەوە دەکات بەرنامەکەیان تەنها بۆ نەهێڵانی سك پڕی و لە باربردنی پێش شوکردن نییە بەڵکو بەرنامەکەیان بە قوڵی باس لە بەهای چالاکی سێکسی دەکات ، بە شێوەیەکی گشتی و تاچەند پەیوەستە بە رێزگرتنی کەسێك لە خودی خۆی وەك مرۆڤێك ، هەروەها بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە کاری سێکسی

تەنها لە چوارچێوەی خێزانی رەسمیدا ئەنجام بدرێت ، وا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وەك فاکتەرێکی بنەڕەتی بۆ پێك هێنانی خێزانێکی دروست و پابەند نەك وەك حەزو شەهوەتێکی سەر پێیی ئەمەو ( کراوس ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کارو چالاکیەکانیان کاریگەری و بەرهەمی باشی هەبووە .

١- حزام العفة ثورة جنسية مضادة _ مقالة منشورة في الانترنيت .

هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بۆ هەمان مەبەست پسوڵەیەك ئامادە کراوەو بانگەشەی لاوان و هەرزەکارانی بۆ دەکرێت بە هەردوو رەگەزەوە کە واژۆی لە سەربکەن ئەمەش دەقەکەیەتی ( **اتعهد امام الله و امام نفسي و اسرتي و اصدقائي وزوجي المقبل و اطفالي بالمحافظة على طهارتي حتى يوم زواجي** ) بەواتای : پەیمان دەدەم بەرامبەر بە خواو بەرامبەر بە خۆم و خێزان و هاوڕێکانم و هاوسەری ئایندەم و منداڵەکانم کە پارێزگاری لە خاوێنی و پاکیزەیی خۆم بکەم تا رۆژی هاوسەرگیریم .

١- قواعد تكوين ... لاپەڕە ٨٢٣.

**پاکیزەیی سێکسی :**

شاری واشنتۆن وەك هەموو شارەکانی تری جیهان لە( ١٤ ) ی شوباتی هەموو ساڵێکدا بە ناوی جەژنی خۆشەویستی ( ڤالانتاین ) ئاهەنگ دەگێڕن بەلأم ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە لە ماوەی ٤ ساڵی رابردودا ئاهەنگەکان جیاوازییان هەبووە لەگەڵ ئاهەنگی ولأتانی تردا ، لە گەڵ ئەم ئاهەنگ و بۆنەدا رۆژی – پاکیزەیی سێکسی – یان زیندوو دەکردەوەو بەرزیان رادەگرت .

هاوکات لە گەڵ زۆری رەنگی سور بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە هەموو شەقامەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ، بلأو بونەوەی لافیتەیەکی زۆر بوو لە ژێر دروشمی ( بەشێکبە لە دژە شۆرش ، ژیانی خاوێنی سێکسی هەڵبژێرە ).

**پشتێنی پاکیزەیی :**

هەر کات مرۆڤایەتی پشتی هەڵکرد لە شەریعەت و پەیامی خوای گەورە ، شوێنی هەوا و ئارەزوەکانی کەوت و ژیری و لۆژیکی لە دەستدا ، ئەو کات شیرازەی ژیان تێك دەچێو بەهاو رەوشت و دابونەریتی دروست و رەسەن نامێنێ ، ژیان واتاو مانا جوانەکانی خۆی لە دەست دەدات . متمانە لە نێوان تاکەکان و خێزان و کۆمەڵگا لەرزۆك دەبێت .

گەر لە خوا ترسان و پابەند بوون بە ئاین و رەوشت و هەست کردن بە چاودێری خوای گەورە بە سەربەندەکانیەوە نەبێت ، مرۆڤ هانا بۆ شێوازی مادی دەبات بۆ پاراستنی ئابڕوی خۆی و خانەوادەکەی .

رۆژنامەی ئەهرامی میسری لەم رووەوە روداوێکی سەرنج راکێشی بلأوکردۆتەوە ، پاڵەوانی روداوەکە پیاوێکی ئەرجەنتینیەو مسوڵمانیش نییە ، ناوبراو پشتێنی پاکیزەیی سەپاندووە بە سەر خێزانەکەیدا تا لەلایەن کەسانی ترەوە پەلاماری سێکسی نەدرێت ، چونکە ئافرەتەکە وەك خزمەتگوزارێك لە مالأندا کار دەکات . ئەمەو ژنەکە بۆ ئەم مەبەستە داوای لە سەر مێردەکەی لە دادگادا تۆمارکرد . دەرکەوت

مێردەکەی شۆفێرەو نەك تەنها پشتێنی پاکیزەیی سەپاندوە بە سەر ژنەکەیدا هەرکات بچێتە دەرەوەی ماڵ بەڵکو زنجیری ئالاَندوە بە ران و سمت و لاشەیدا و کلیلی داوەو کلیلەکەی لای خۆی هەڵگرتوە ، بە شێوازێکی وا کۆتی کردووە ژنەکە توانای چونە سەرئاویشی نەبێت . ئەم روداوانە چەندین راستی ناسۆر و تاڵ لە ئامێز دەگرێت ، وەك تێکچونی شیرازەی کۆمەڵگاو نەبونی متمانەو مەترسی بەردەوامی هەڕەشەو پەلاماری سێکسی بۆ سەر ژنان .

ئەمەو مێژوی بیرۆکەی پشتێنی پاکیزەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست ، پیاو ماقوڵە ئەوروپیەکان بە کاریان دەهێنا بۆ دڵنیا بونی پاکیزەیی خێزانەکانیان و دورخستنەوەیان لە داوێن پیسی ، هەرکات دوور بون لە ماڵ و خانەوادە . بۆ نمونە لە ساڵی ١٨٨٩ پەیکەرێکی ئێسکی ئافرەت لە نەمسا دۆزرایەوە کە هی سەدەی ١٥ ی زاینی بوو کە پشتێنی پاکیزەیی بەستبوو ، دەشێت بە هۆی ئەو پشتێنەوە مردبێت .

مایەی سەرسوڕمان و تێڕامانە یەکێك لە کۆمپانیا بازرگانیەکان لە سەنگافورە رایگەیاند کە نمونەیەکی لە پشتێنەی پاکیزەیی دروست کراوی ئەمریکی خستۆتە بازاڕەوە بە نرخی ٨٠٠ دۆلار ، ئەمەو بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە رایگەیاند، کڕیاری ئامێرەکەیان ئەو پیاوانەن گومانیان هەیە لە دڵسۆزی و پاکی خێزانەکانیان هەروەها ئەو باوك و دایکانەی گومانیان هەیە لە کچە تازەپێگەیشتوەکانیان .

هەروەها رایگەیاند بەرهەمەکەیان رەواجی زۆرەو سنورەکانی ئەمریکاو ئەوروپای تێپەڕاندوە ، گەشتۆتە زۆرێك لە ولاَتانی ئاسیاو رۆژهەلاَتی ناوەڕاست . ١- سەرچاوەی پێشوو . هەروەها بڕوانە **قواعد تكوين البيت المسلم** . لاپەڕە ٨١٣ .

**پاکیزەیی ئەلیکترۆنی :**

لە سەردەمی شۆڕشی ئەلەکترۆنیدا پشتێنی پاکیزەییش پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە . چەندین دەزگاو ئامێری ئەلیکترۆنی تازەو قەبارە بچوك دروست کراوە ، بەکارهێنانیان سادەو ئاسانە بۆ دەرخستنی ناپاکی هاوسەرو دڵنیا بون لە خاوێنی سێکسی .

سەیرو نامۆ نییە ولاَتی ژاپۆن و چین پێشەنگی ئەم بوارە بن ، لەم دواییەدا پیاوێکی ژاپۆنی رایگەیاند کە کاسێتێکی ( شريط) ئەلەکترۆنی بچوکی داهێناوە کە لە ژێر کراسی ئافرەتاندا چەسپ دەکرێت ، ئەو ئافرەتە چەند جار جلەکانی داکەنێت تۆماری دەکات هەر داکەندنێکیش چەندی ماوە پێ دەچێت تۆماری دەکات . ئەمەو دەزگاکە کامێرایەکی بچوکی لەسەرەو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وێنەی ئەو شتانە دەگرێت کە نزیکن لە ئافرەتەکەوە لە کاتی داکەندنی جلەکانیدا ، ئەمەو لە ماوەی چەند چرکەیەکی دیاری کراو هەموو ئەم زانیارییانە دەنێرێت بۆ ئیمەیلی تایبەتی پیاوەکە .

هەروەها پۆلیسێکی چینی بیرۆکەی پشتێنی پاکیزەیی پەرەپێداوە بەوەی دەرپێیەکی ئەلەکترۆنی دروست کردووە ناتوانرێت بکرێتەوە یان دابخرێت بە بێ کۆدی نهێنی بە تەوژمی ئەلیکترۆنی تایبەت .

١- سەرچاوەی پێشوو .

هەموو ئەم باس و خواسانە بەڵگەیە لە سەر نەبونی ئارامی و متمانەو دڵنیایی و تێك چونی شیرازەی خێزان و دورکەوتنەوە لە بەرنامەو شەریعەتی خوا ، هەموو دەزگاو ئامێرەکان ناتوانن دڵنیایی و حەسانەوەی دەرونی ببەخشنە مرۆڤەکان ، تاکە رێگەی چارەسەریش پابەند بونە بە ئاین و هەستکردن بە چاودێری و ئاگاداری خوای گەورە بە هەموو ئەو کارانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات .
دەبێت ئایەتی (یعلم خائنة الاعین وما تخفي الصدور ) . لە ناخدا بچەسپێت و ئایەتی ( ان الله کان علیکم رقیبا ). وێردنی سەر زمان بێت ، ئەو کات پێویستیمان بە ئامێرو دەزگای لەم جۆرە نابێت .

## بەشی پێنجەم / مەترسیەکانی بەردەم ئارەزوو بازی :

ئارەزووی سێکسی یەکێکە لە غەریزە بە هێزو توندەکانی مرۆڤ و زۆر مەترسیشی لە سەر مرۆڤ هەیە ، گەر بەخراپی ئاراستە بکرێت ، یەکەمین حەزو ئارەزووە کە بۆ مرۆڤ رازاوەتەوە . هەرکات جڵەوی بۆ شۆڕ کرا و هیچ بەربەستێکی ئاینی و رەوشتی نەما، ئەو کات شیرازە تێك دەچێت و کۆمەڵگا دەشێوێت و نەوەو وەچەکان ون و سەرگەردان دەبن . هەر بۆیە خوای گەورە مرۆڤەکان وریا دەکاتەوە نزیك نەبنەوە لە ناپاکی و داوێن پیسی هەروەك فەرمویەتی : ( **ولا تقربوا الفواحش ما ظهرمنها وما بطن** ) الانعام ١٥١ .
بەواتای : نزیکی گوناهو تاوانەکان مەکەون چ ئەوەی کە ئاشکرا بووە و چ ئەوەی کە شاراوەو پەنهانە . **هەروەها** فەرمویەتی (**ولا تقربوا الزنی انه کان فاحشة و ساء سبیلا** ) **الاسراء ٣٢** . بەواتای : **هەرگیز** نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیك ببنەوە ، چونکە ئەوە بە راستی گوناهو تاوان و هەڵەو رێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە .
خوای گەورە هەرکارو شتێکی حەرام کردبێت هەموو ئەو هۆکارو دەروازانەشی حەرام کردووە کە دەبێتە مایەی ئەنجامدانی ئەو کارە ، بۆ نمونە کە زیناو داوێن پیسی حەرام کردووە هەموو ئەو دەروازانەشی حەرام کردووە کە دەبنە مایەی ئەگەری روودانی داوێن پیسی وەك تەماشاکردنی نامەحرەم یان پێکەوە بوونی ژن و پیاوێك بەدوو قۆڵی بە تەنهایی ، ئەمەو خوای گەورە داوای کردووە ئافرەتان خۆیان داپۆشن و بالاّ پۆش بن و زینەت و جوانی خۆیان لای کەسانی نامەحرەم دەرنەخەن و ... هتد. هەموو ئەمانەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاك و خێزان و کۆمەڵگایە .
بۆ دەوڵەمەند کردنی باسەکەمان ئاماژەیەکی کورت و خێرا بەگرنگترین مەترسی و زیانەکانی ناپاکی و داوێن پیسی دەدەین لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵ لە دوو برگەی جیاوازدا :
**یەکەم : زیانەکانی داوێن پیسی لە سەر ئاستی تاکە کەسی :**

١- ترس و دوو دڵیو پەژارەی بەردەوام و ترسان لە ئابڕوچون و شەرمەزاری و توش بون بە نەخۆشیە سێکسییەکان .

٢- ئەو کەسە هزرو بیرکردنەوەو ژیری دەشێوێ و ئاراستەی ژیانی تێك دەچێت .

٣- کەمی بەرهەمی هزری و کرداری ، لەبەر سەرقاڵی بیرو هۆش و شکستی دەرونی و ماندوێتی لاشە .

٤- تاوو گڕی سێکسی دەیگرێتەوە، وەك كەسێك وایە لە ئاوی دەریا بخواتەوە هەرچەند پەرداخی زیاتر بخواتەوە تینو تر دەبێت و هەرگیز تێرئاو نابێت .

٥- هەست بە ماندویەتی دەکات ، لە بەرپرسیاریەتی سەر شانی هەڵدێ ، خۆگری و ئارامی کەم دەبێتەوە ، بە بچوکترین شت تورە دەبێت ، توشی نەخۆشی ژیریی و دەرونی دەبێت ، سنگفراوانی لە دەست دەدات .

٦- کاتەکانی ژیانی بە فیڕۆ دەدات ، لە پێناوی چێژی چەند چرکە وەختێك ، گوڵی جوانی و لاوێتی ون دەکات ، بە هەوڵدانی بەدوی ئارەزوو بازیدا .

٧- بە فیڕۆ دانی پارەو سامانێکی زۆر ، دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی وپێداویستیەکانی ژیان .

٨- چاوەکان کزو لاواز دەبن و مۆخی ئەژنۆکان دەڕوات و دەم و چاو و روو ناشیرین و لۆچ دەبێت و بەردەوام هەست بە ماندویەتی و شەکەتی دەکات .

٩- تاوانی داوێن پیسی قەرزێکە لەسەر زیناکەر دەبێت ئەو قەرزە بداتەوە لە نێو بازنەی خێزان و کەسوکاریدا . ( ان الزنا دين اذا اقرضته كان الوفاء من اهل بيتك فاعلم ).

١٠- لاوازبونی ویست و ئیرادەی خێر و چاکە لە نێو دڵ و دەروونداو بالآدەستی گوناهو تاوان بەسەر دڵدا ، تا ئەو کەسە دەبێتە کۆیلەی ئارەزوەکانی و حەزەکانی رێنمایی دەکەن .

١١- خەشم و تورەیی خوای بە سەردا دەبارێو بەلأو موصیبەت روی تێ دەکات و بەرەکەت لە ماڵ و لە تەمەن و منداڵەکانیدا نامێنێت .

١٢-توشی رسوایی و زەلیلی و درۆزنی دەبێت ، لە کاتی هەوڵدانی بۆ فریودانی کچان و سەرنج راکێشانیان .

١٣-رێزو حورمەت و کەسایەتی خۆی ون دەکات و متمانەی نامێنێت تەنانەت لە نێو کەسوکارە نزیکەکانیشیدا . خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا جوانی فەرمووە کە دەڵێت ( ومن اعرض عن ذكري فان له معيشة ضنكا ونحشره يوم القيامة اعمى ) طه ١٢٤.

بەواتای : ئەوەی روو وەربگێڕێت لە بەرنامەو یادی من و پشتی تێ بکات ، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت ، لە رۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشری دەکەین .

١- **الشهوة الجنسية ومخاطرها _ مقالة منشورة في الانترنيت .**

**دووەم : مەترسی و زیانەکانی داوێن پیسی لە سەر ئاستی کۆمەڵگا :**

لە سەر ئاستی کۆمەڵگا داوێن پیسی و بەرەلایی مەترسی و زیانی زۆری لێدەکەوێتەوە ، گەر ئاوڕێك لە مێژووی دور و نزیکی مرۆڤایەتی بدەین بۆمان دەردەکەوێت ئەو شارستانی و گەل و نەتەوانەی توشی شکست و هەرەس و ژێرکەوتن هاتوون ، هۆکاری سەرەکی ئەو شکستەیان بەدڕەوشتی و لادان و فەوزای

سێکسی بووه . هەڵچون و سەرکەشی سێکسی لە نێو هەر کۆمەڵگایەك بەهێزترین چەکوش و قولێنگە بۆ روخانی ئەو کۆمەڵگایە . بێگومان مەترسی و زیانەکان زۆرو بێ شومارن بەلاَم ئاماژە بە چەند خاڵێکیان دەدەین بە کورتی :

١- بەفیڕۆدانی سامانی نیشتیمانی : رۆژانە بە دەیان ملیۆن بەلای کەمەوە لە هەموو جۆرە دراوەکان خەرج دەکرێت لە کاری داوێن پیسی و بێ ئابڕوییدا ، دەکرێت ئەو پارەو ماڵ و سامانە لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەو خۆشگوزەرانی ولاَتدا خەرج بکرێت . بەمەش باری ئابوری ولاَت پێشکەوتن و گەشەکردنی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت .

٢- تێکدان و شێواندنی تەندروستی گشتی : سالاَنە بەسەدان هەزار کەس بە هۆی نەخۆشیە سێکسیەکانەوە دەمرن و ملیۆنەها نەخۆشیش بەدەم ئێش و ئازارەوە دەناڵێنن و پارەو پولێکی بێ ئەندازەش خەرج دەکرێت بۆ چارەسەری نەخۆشەکان . نەخۆشی ئایدزو زوهەری و هەندێك لە جۆرەکانی شێرپەنجەو ... هتد . دەرەنجام و بەروبومی داوێن پیسی و بێ ئابڕوییە .

٣- تێکچونی شیرازەی تاك و خێزان و کۆمەڵگا : خێزان یەکەی سەرەکی کۆمەڵگایەو لانکەی ئارامی و دڵنیایی تاکەکانە و سەرچاوەی رێکخستنی پەیوەندیەکانەو مێرگوزارێکی فیترییە ، پێگەیەکی سروشتییە بۆ پەروەردەی نەوەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و دروست ، دوور لە ئاڵۆزی و لادان . هەرکات تاکەکان بەرەو نشێوی بەد ڕەوشتی و داوێن پیسی رۆشتن و دوور کەوتنەوە لە ژیانی هاوسەرگیری دروست و رەوا ، دەرەنجام شیرازەی ژیانی خۆیان و کۆمەڵگاش دەشێوێت و بارودۆخی کۆمەڵگای رۆژئاواو زۆرێك لە ولاَتانی تر بەڵگەی راستی قسەکانمانە .

٤- تێکچونی رەوشت و بەهای مرۆڤایەتی : لە دیاردەکانی شێواندنی کۆمەڵگا لە سایەیی بەدڕەوشتی و بێ ئابڕوییدا روخانی رەوشت و بەهاو سیفەتە بەرزە مرۆییەکانە ، زاڵ بوونی هەوەس و ئارەزووی ئاژەڵییە بەسەر کۆمەڵگادا وەك خۆپەرستی ، یاخی بوون ، دوور کەوتنەوە لە بەرپرسیارێتی ، لاوازبونی ناسنامەی نیشتیمانی ، گوێ نەدان بە ئەرکەکانی سەرشان و .... هتد . ١- **الاسلام والجنس فتحي يكن** _ لاپەڕە ٦٠ -٦٣ .

## بەشی شەشەم / ئیسلام و پەروەردەی سێکسی :

دەکرێت بڵێین پەروەردەی سێکسی بریتییە لە پێدانی زانیاری پێویست و شارەزایی چاك و رەوت و تێڕوانینی دروست لە بارەی مەسەلە سێکسیەکان ، بە ئەندزەی پێگەیشتویی لاشەو باری فسیۆلۆجی و ژیریو کۆمەلاَیەتی و هەڵچون ، لە چوارچێوەی رێنماییە ئاینییەکان و پێوەرە کۆمەلاَیەتی و بەها رەوشتیە باوەکانی نێو کۆمەڵگا ، بەمەبەستی راهێنان ، تا بە چاکی بگونجێت و مامەڵە لە گەڵ هەڵوێستە سێکسییەکان بکات ، روبەڕوی کێشە سێکسییەکان بێتەوە_ لە ئێستا و ئایندەدا _ بە شێوازێکی واقعییانەی وا کە ئارامی و تەندروستی دەرونی لێ فەراهەم بهێنرێت .

بەواتایەکی تر مەبەست لە پەروەردەی سێکسی بەرچاو رونی تاکە بەزانین و رەوت و تێڕوانین و ئاراستەی دروست بە پاڵنەرە سێکسییەکان بە پێی بنەماکانی ئیسلام و بەهاکان ، تا تاك بتوانێت گوزارشت لە ئارەزووە سێکسییەکانی بکات بە شێوەیەکی دروست و رەوا ، ئەمەش دەبێتە مایەی دامەزراوی و ئارامی سۆزداری و هەستکردن بە بەختەوەری و حەسانەوە و دڵنیایی لە ژیاندا .

١– ابناؤنا ... والتربية الجنسية . د اكرم مصباح عثمان . لاپەڕە ٣١–٣٢ .

لە میانەی ئەم بەرچاو رونیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام بایەخێکی زۆر دەدات بە پەروەردەی تازەپێگەیشتوان و لاوان و ئامادە کردنیان بۆ سەر شانۆی ژیان لە هەموو بوارەکانی لاشەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و روحی و زانستی ، بە هەموو شێوازێکی دروست و رێپێدراو ، بەمەبەستی هێنایە کایەی نەوەیەك کە رۆڵی کارا ببینێت لە دروست کردنی شارستانیەتی و پێشکەوتن و سەروەری مرۆڤایەتیدا . وە لە نێو ئەو بوارانەدا پەروەردەی سێکسی لە نێو دەقەکانی قورئان و فەرمودەو کتێب و نوسراوە ئیسلامیەکاندا قەبارەو سەنگی خۆی هەیە، بەڵام پەروەردەی سێکسی لە ئیسلامدا زۆر جیاوازە لە پەیام و ئامانجدا ، لەو پەروەردە سێکسییەی کە لە رۆژئاوادا ، لە قوتابخانەکان و دەزگاو ناوەندەکان و میدیاکاندا باسی لێوە دەکرێت .

ئیسلام پەروەردەی سێکسی حەرام نەکردوەو کۆسپ و لەمپەری لە بەردەمدا دانەناوە ، بەڵکو بە پێی چەندین بنەماو لە نێو بازنەی سنورە شەرعیەکاندا ئەم بابەتەی رێکخستووە ، دەکرێت بڵێین هوشیاری و پەروەردەی سێکسی ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانی پەروەردەی ئیسلامی ، تەنانەت لە زۆرێك لە کتێبە فیقهی و کتێبەکانی فەرمودەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان بەشێك یان بەندێك بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە . جا پێویستە ئەم بابەتە بایەخی پێ بدرێت تازەپێگەیشتوان و لاوان فێربکرێت بە پێی قۆناغەکانی تەمەن ، ئەمەو ئەو زانیارییانەی پێیان دەدرێت گونجاو بێت لەگەڵ تەمەن و پێداویستیان ، هەڵەیەکی ترسناکە گەر فەرامۆش بکرێت و بایەخی پێ نەدرێت .

ئەمەو پێویستە ئەو زانیارییانەی باسی لێوە دەکرێت بۆ تازە پێگەیشتوان و لاوان لە میانەی رەهەندی ئاینی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و .... هتد بێت .

هەموو زانیاریەکانیش بەیەکجارو بە خێرایی نەخرێتە روو، بەڵکو بە پێی قۆناغ و شێوازی جۆراو جۆر وەك وانەی پەروەردەیی ، گفتوگۆ ، کتێب ، کاسێت یان هەر شێوازێکی تری گونجاو .

هەروەها پێویستە رەچاوی بارو کەشی گفتوگۆکان بکرێت و دوور بێت لە گاڵتە جاری وە ئاگاداری نەوەکان بکرێت کە سورین لەسەر بەرژەوەندی و تێگەیشتنێکی دروست بۆپەروەردەی سێکسی بە مەبەستی گەیشتن بە قۆناغی پێگەیشتویی ژیان . ١– سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٧–١٠.

## گرنگی پەروەردەی سێکسی :

ئیسلام سورە لەسەر پەروەردەکردنی نەوەکان تا دامەزراوو سەرکەوتوو سەنگین بن ، تا بتوانن هەستن بە ئەنجام دانی ئەرك و بەرپرسیاریێتیان بە چاکترین شێوە . بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بێتە دی دەبێت نەوەکان هوشیار بکرێنەوە بە پرسی پەروەردەی سێکسی و چۆنیەنی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژیانیاندا دێتە ئاراوە ، بە شێوەیەکی پێگەیشتویی هوشیارانە دوور لە رۆچون و بەکەم گرتن .

نەیارانی ئیسلام سورن لە سەر بەگەڕ خستنی هەموو تواناو میکانیزمێك بۆ دەست گرتن و بالأدەستی بەسەر لاواندا و رێنمایی کردنیان بە ئاراستەیەکی ئارەزوو بازی و شەهوانیەتدا تا هەموو تواناکان بۆ وروژاندن و رابواردن بە خەرج بدرێت ، تا هیچ پەژارەو پەیام و ئامانجێکیان نەبێت لە ژیاندا تەنهاو تەنها تێرکردنی حەزو ئارەزوەکانیان نەبێت ، بە هەموو رێگایەك بێ رەچاو کردنی ئاین و رەوشت و بە هاکانی کۆمەڵگا و پێویستیەکانی لاشەو دەرون .

هەربۆیە دەبینین شالأوێکی راگەیاندنی ئاراستە کراو لە بواری بلأو کردنەوەی خراپەو نمایش کردنی ئافرەتان بە روتی و نیوە روتی و لە میدیاکانەوە لە ژێر ناوو لافیەی جۆراو جۆردا بۆ بزواندنی هەستی لاوانمان لە ئارادایە .تا بە ئاسانی راو بکرێن و چەواشە بن و شیرازەیان تێك بچێت .

لاوان وزەو توانایەکی زیندون ، دەتوانرێت لە میانەی تواناو تێکۆشانیانەوە بە شداری کارا بکەن لە پێك هێنانی کۆمەڵگەیەکی دروست و خاوێن و هەڵبژاردە . ئامانج لە پەروەردەی سێکسی بە دیهێنانی گفتوگۆیەکی کراوەو راشکاوانەو ئامانج دارە ، بەبێ ترس و دودڵی و شەرم ، گفتوگۆیەکی بەرچاو رون و هۆشیارانەیە لە نێوان نەوەکان و دایکان و باوکان و پەروەرد یاران ، بەمەبەستی دەرك کردن و گەیشتن بەو زانیاری و رەوتە دروستانەی تایبەت بە بواری سێکسی ، تا بگەنە لەنگەری دڵنیایی و بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکەن و گەورەبن ، بە پێی بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بەها بالأکان .

١- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٥ .

ئامانج لە پەروەردەی سێکسی بۆ نەوەکان دروست کردنی کەسایەتی تاکە . لە روی لاشەو سێکس و رەوشت و باری دەرونی و ژیریو کۆمەلأیەتی . بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و هەستان بە رۆڵی دیاری کراوی سەر شانیان و گەیشتن بەو پەیامەی کە کاری بۆ دەکەن و دەیانەوێ پێی بگەن .

پەروەردەی سێکس تەنها پێدانی زانیاری نییە ، بەڵکو لە وە گرنگتر و فراوانترە . ئامانج لێی ئامادە کردنی لاوانە بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ قۆناغەکانی ژیانیاندا بە سەرکەوتویی . زانیاری و ئەزمونی سێکسی بۆ رون دەکرێتەوە تا هەست بکات هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی لاشە گرنگی و سودی خۆی هەیە و پێویستە شانازی بە رەگەزی خۆیەوە بکات ، تابزانێت کە پەیوەندی سێکسی کارێکی پیرۆزە لە شەریعەت و یاسادا و مەبەست لێیی زۆربونی نەوەکان و پاراستنی مانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤە لە سەر زەویدا . ١- سەرچاوەی پێشوو .

**گرنگترین ئامانجەکانی پەروەردەی سێکسی :**

١– تا باوکان و دایکان و پەروەردیاران ، دەرك بەو راستییە بکەن کە چەمکی پەروەردەی سێکسی رۆڵ و بایەخی خۆی هەیە لە ئاراستە کردنی رەفتارەکانی مرۆڤ و راڤەکردنی ، بێ زێدەڕۆیی و بەکەم گرتن.

٢– زانینی مەترسی بۆچونە رۆژئاواییەکان لەسەر کۆمەڵگاکەمان . چونکە ئەوان هەموو رەفتارەکانی مرۆڤ لە سەر بنەمای سێکس و ئارەزوی سێکسی راڤەو شرۆڤە دەکەن ، ئەمەش پێچەوانەیە بە هەموو بنەماکانی ئاینی و زانستی و لۆژیك و ژیری .

٣– بە مەبەستی زانینی راستی و زانیارییە دروستەکانی کۆ ئەندامی زاو زێ لای هەردوو رەگەز .

٤– زانینی راستیەکان و زانیاری پەیوەست بە جیاوازی نێوان هەردوو رەگەز ، گرنگی ئەم جیاوازییانە لە ژیانی خێزانی و کۆمەلأیەتی ، لەروی تیۆری و کردارەوە .

٥– سازدانی کەش و هەوای لە بار بۆ ئاخاوتن و گفتوگۆ لە گەڵ نەوەکاندا و هاندانیان بۆ خستنە روی پرسیارەکانیان و وەلأم ندانەوەیان بە شێوازێکی گونجاو ، هاوکاری کردنیان بۆ چارەسەری کێشەکانیان و ئامادەکردنیان بۆ پێشوازی ژیانی لاوێتی .

٦– وەرگرتن و تێگەیشتن لە راستییەکان و زانیارییەکان کە پەیوەندی دارن ، بە قۆناغی منالّی و بالّغ بون و احتلام و نەریتی مانگانە _ **عادة**_ و .... **هتد** .

**هەروەها هاوکاری نەوەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەم ماوەیەیان . تا بە سانایی و بێ ئالۆزی و لادان پێیدا گوزەر بکەن .**

٧–دەست نیشان کردنی بەرپرسیاریەتی باوکان و دایکان و پەروەردیاران و ... هتد . بەرامبەر ژیانی سێکسی نەوەکان و دەرەنجام و کێشەکانیان .

٨–هۆشیار کردنەوەی نەوەکان بە کێشەی لاوان لە روی سێکسی وەك ئاو هێنانەوە و جوت بونی ئافرەت لەگەڵ یەکدیدا ( سحاق ) و نێربازی و هۆکارەکانی ، زیان و کاریگەرێتی نەرێنیان لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ .

٩– پەرەپێدانی ئارامی سۆزداری لای تاکو هاوکاری کردن بۆ دروست کردنی پەیوەندییەکی کۆمەلأیەتی لە گەڵ خەڵکانی تردا .

١٠–پەرەپێدانی ویژدانێکی زیندوو ، سەبارەت بە هەر رەفتارێکی سێکسی کە تاك ئەنجامی دەدات ، بە شێوەیەك کە هەست بکات رێزی لە خودی خۆی گرتوە و لە ئایندەدا لێی پەشیمان نییە و دڵنیایە کارەکەشی زیان بەکەس ناگەیەنێت ، دروست و گونجاوە لە گەڵ رێنماییە ئاینیەکان و پێوەرەکانی بەهاو رەوشت.

بـەکورتی پـەروەردەی سێکسـی پرۆسـەیەکی دەرونـی و کۆمەڵایەتیـە ، گـەر شکسـت بێنێـت ئـەوە هەڕەشەیەکە بۆ سەر ناسنامەی هەردوو رەگەز مەترسیشە بۆ سەر تاك و خێزان و کۆمەڵگا .

١- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٠ .

**سەرچاوەکان :**


١- تەفسیری ئاسان دانانی م : بورهان محمد امین .

٢- پوختەی صحیحی مسلم .

٣- السقوط في الهاوية – الجنس – الحب – المراة. تاليف :محمد ال بيوض التميمي .دار ابن حزم – الطبعة الاولي- ٢٠٠٤ م.

٤- ابناؤنا ... والتربية الجنسية ، د. اكرم مصباح عثمان . دار ابن حزم الطبعة الاولي ٢٠٠٧ م .

٥- الاسلام و الجنس .فتحي يكن .دار الايمان . الطبعة الثامنة عشرة ١٩٩١ م .

٦- الوظيفة الجنسية و اضطراباتها . د . ابراهيم الادغم . دار القلم . دمشق الطبعة الاولى ٢٠٠٦.

٧- قواعد تكوين البيت المسلم ، اسس البناء و سبل التحصين د . اكرم رضا . دار التوزيع و النشر الاسلامية . الطبعة الاولى ٢٠٠٤ .

٨- مسئولية التربية الجنسية من وجهة نظر الاسلام، د. عبدالله ناصح علوان .دار السلام الطبعة السادسة ٢٠٠٣م.

٩- تخفة العروس او اتخاف العروس بالزواج السعيد رياض بن سفيان النواوي،دار الكتاب الحديث ٢٠٠٥.

١٠-البرود الجنسي بين الشريعة و علم النفس .د . منير عبدالله خضير . دار القادري . الطبعة الاولى ٢٠٠٦.

١١-فقه السنة للنساء _ تاليف / الشيخ احمد جاد ... دارالغد الجديد ... الطبعة الاولى ٢٠٠٣ .

١٢- رسائل العاجلة _ السيد بن عبدالعزيز السعدني . الطبعة الاولى ٢٠٠٥ .

١٣- الجنس و العلاقات الجنسية في ضوء الشريعة الاسلامية : مقالة منشورة في الانترنيت .

١٤- الشهوة الجنسية و مخاطرها . مقالة منشورة في الانترنيت .

١٥- حزام العفة ... ثورة جنسية مضادة . رضوى خورشيد . مقالة منشورة في الانترنيت .

١٦- منهج التربية الاسلامية في تنظيم الغريزة الجنسية . محمد علي الخطيب . مقالة منشورة في الانترنيت .

١٧- تدريس الثقافة الجنسية من منظور الشريعة الاسلامية . د. سعاد صالح . مقالة منشورة في الانترنيت .

١٨- الغرائز و دورها في الحياة ... مقالة منشورة في الانترنيت .